# سروشتی یاسایی
# پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان

هیوا حامد
ڕاوێژکاری پەرلەمانی کوردستان

٢٠٢٤




**پەرلەمانی کوردستان**

**سەرۆکایەتی دیوان**

**سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان**

KURISTAN PARLIAMENT - RESEARCH CENTER

چاپی دووەم- ٢٠٢٤

| |
|---|
| **ناوی کتێب:** سروشتی یاسایی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان |
| **بابەت:** توێژینەوە |
| **نووسینی:** هیوا حامد |
| **دیزاین ناوەڕۆک:** سۆران تاودەر |
| **دیزاین بەرگ:** حامد سەقزی |
| ژمارەی سپاردن: ٢٠١٩/٤٤٩ – هەولێر – هەرێمی کوردستان |



**ناونیشان**

هەولێر: پەرلەمانی کوردستان شەقامی ٦٠ مەتری – بەرامبەر پارکی سامی عەبدولرەحمان

Erbil, 60sAvenue, Kurdistan parliament, Iraq

www.perman.org

KPI-Research center

e.mail: researchcenter42@gmail.com

0750 940 2405 / 0770 405 2747

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| • بەرایی | ٥ |
| • پێشەکی | ٧ |
| • ئەم نامیلکەیە بۆ؟ | ٩ |
| تەوەری یەکەم: پێناسەی پەیڕەوی ناوخۆ | ١٣ |
| تەوەری دووەم: گرنگی پەیڕەوی ناوخۆو پێویستبوونی | ١٩ |
| • گرنگی پەیڕەوی ناوخۆ | ٢١ |
| • پێویستی بوونی پەیڕەوی ناوخۆ | ٢٤ |
| تەوەری سێیەم: ئەو بابەتانەی پەیڕەوی ناوخۆ لەخۆیان دەگرێت | ٢٧ |
| تەوەری چوارەم: شێوازەکانی دانان ودەرچوواندنی پەیڕەوی ناوخۆ | ٣٣ |
| تەوەری پێنجەم: بنەمای پلەبەندی ڕێسا یاساییەکان | ٤١ |
| • هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بنەمایە | ٤٣ |
| • جۆرەکانی بنەمای پلەبەندی یاسایی | ٤٥ |
| • لێکەوتەی یاسایی ئەو بنەمایە | ٤٦ |
| تەوەری شەشەم: بەهای یاسایی پەیڕەوی ناوخۆ | ٤٧ |
| • دیاریکردنی پلەبەندی پەیڕەوی ناوخۆ بە دەقێکی یاسایی | ٤٩ |
| • دیاریکردنی پلەبەندی پەیڕەوی لە ڕوانگەی فیقهی یاساییەوە | ٥٨ |
| • دەرەنجام | ٨٣ |
| • ڕاسپاردەکان | ٨٨ |
| • سەرچاوەکان | ٩٢ |

# بەرایی

یــــەکێک لەبنــــەما ســــەرەکیەکانی پەرلەمانــــە چالاکــــەکان، پشــتیوانیکردن و دەوڵەمەنــدکردنی ســـەنتەرەکانی توێژینـــەوەی پەرلەمانیـە، بـەدابینکردنی پێداویسـتیە سـەرەکیەکان لـە زانیـاری و کـادری راهێنـراو و تـوێژەری تایبەتمەنـد و دروسـتکردنی رایـەڵـەی پەیوەندی لەگەڵ هاوشێوەکانی لەپەرلەمانەکانی جیهان، چونکە ئەو ســـەنتەرە ســـەرچاوەی شـــیکردنەوەی زانســـتی ســـەربەخۆیەو سەکۆیەکی ئەمینە، لەرێگایـەوە سـەرجەم پەرلـەمانتاران لەسـەرجەم حزب و کوتلە سیاسیەکان پرسیارو پێویستیەکانیانی ئاراستە بکەن و وەڵامـی جێـی بـاوەڕی لـێ وەربگرنـەوە. ئـەم جـۆرەش لەپێدانی زانیـاری رێگـا خۆشـکـەری کـاری پەرلـەمانی یـە لـەبوارەکـانی یاســادانان و چــاودێریکردن و نــوێنەراەتیکردن، کــەســێ ئــەرکی سـەرەکی هـەر پەرلەمانێکن. ئەرکی سەنتەری توێژینەوەشـە بـەدوای سەرچاوەکانی زانیاریدا بگـەڕێ و شـیکردنەوەی پێویسـت لـەبواری ئەرکــە ســەرەکی و بنــەڕتییــەکانی کــاری پەرلــەمانی پێشکەشــی پەرلەمانتاران بکات.

لەم سۆنگەیەوەو بۆ بەرچاو روونـی زیـاتری پەرلەمانتـاران و توێژەران و ئەوانەی گرنگی بە بواری پەرلەمـانی دەدەن، سـەنتەری تـــوێژینەوە بەپێویســـتیزانی لەرێگـــای تـــوێژینەوەیەکی زانســـتی

سروشــتی پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردســتان بەبەراورد لەگەڵ پەیڕەوەکــانی پەرلەمــانی وڵاتــان بخــاتەروو. ئەم ئەرکەش راوێژکاری یاسایی پەرلەمان (هیوا حامد) گرتیە ئەستۆی خۆیی و بەسوپاسی زۆرەوە بۆ هەوڵ و ماندووبونی دەیخەینە بەردەستی پەرلــەمانتاران بەئومێــدی ئــەوەی هاوکــارو پشــتیوانیان بێــت لەراپەراندنی ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمان.

**فوئاد ئەحمەد**

بەرپرسی سەنتەری توێژینەوە

٢٠١٩/٩/١

# پێشەکی

سیستەمە سیاسیەکان سەرەڕای جیاوازیان سێ دەسەڵاتی سەرەکی لەخۆدەگرن، پەرلەمانیش بەیەکێک لەدەسەڵاتە گرنگەکان دەژمێردرێت، ئەو دەستگا دەستوورییە لەزۆرێک لەووڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست تا سەردەمانێکی زوو لەرۆڵ و پایەی بێبایەخ کرابوو، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگارو گۆڕانکاریەکان لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەولەتی، ئەو دەستگایە لەپاشکۆیەتی بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردن رزگاری بوو بەگوێرەی پرنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان جارێکی تر پێکهاتەو ئەرکەکانی دارێژرایەوە .

گەڕانەوەی شکۆ بۆ پەرلەمان، وای لەزۆرێک لەنووسەران و نێوەندە ئەکادیمیەکان کرد لێکۆلینەوەی جددی لەبارەیەوە بکەن، ئەو جۆرە رەوتە تا ئێستاش بەردەوامە، بۆیە دەتوانین بڵێین هێشتا پێویستمان بەلێکۆڵینەوەی زیاترە لەوبوارە، ئەو لێکۆڵینەوەیەش کە لە بەردەستایە دەچێتە خانەی ئەو هەوڵە بەردەوامانەی پێشخستنی کاری پەرلەمانی.

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەتەک دەستوورو یاسا هەڵدەستێت بە ڕێکخستن و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکان، لەو ڕوانگەیەشەوە، خودی پەیڕەوی ناوخۆ کۆمەڵێک ئیشکالیەت دەوروژێنێت، لەوانە ئەو بابەتانە چین کە پەیڕەو لەخۆیان دەگرێت؟ شێوازەکانی دانان و دەرچوواندنی؟ پلەبەندی یاسایی؟

برای بەڕێزم کاک (هیوا حامد) بەزمانێکی پاراو و سادە، لەچوارچێوەی ئەو نامیلکەیەدا کە هێندەی پەرتووکێکی قەبارە گەورە زانیاری وورد دەخاتە بەردەست پەرلەمانتاران و

یاساناسـان و سیاسـەتمەداران لـەبارەی چـەمک و گرنگـی پـەیڕەو هەڵوەستەی پێویست دەكات .

لـە ڕاسـتیدا تـوێژەر ڕێبـازی شـیكردنەوەی بەراوردكاریانـەی گرتۆتەبەر، واتە بـە تـەنها قسـە لەسـەر هـەرێمی كوردسـتان ناكات، بــەڵكو شــێوازە جیاوازەكــانی دانــان و پلەبەنــدی لەسیســتەمە دەستووریەكان دەخاتەڕوو، بەمەش خوێنەر دەخاتە بەردەم واقعی هەڵســەنگاندنی باشــترین شــێواز، بەخســتنەڕووی دەقە یاســاییە جیاوازەكان و بۆچوونی  یاساناسان لەوبارەیەوە.

جگـە لەوانـەش نووسـەر تـەنها هەڵوەسـتەی لەسـەر دەق و بۆچوونی یاساناسـەكان نـەكردووە، بـەڵكو سـوودی لـەبڕیارەكان و دەســتوریش وەرگرتــووە، بەمــەش نووســەر ســەركەوتوو بــووە لەخستنەڕووی رەهەندە جیاوازەكانی بابەتەكە.

لەكۆتـایی توێژینەوەكەیـدا نووسـەر ژمارەیـەک راسـپاردەو پێشنیازی خستۆتەروو، هیوادارم یاسادانەری كوردستانی بەهەندی وەربگرێت بۆ دەربازبوون لەچارەسەركردنی ناكۆكی نێوان یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢) پەیڕوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانی ساڵی  ٢٠١٨.

لــە كۆتاییـدا هیـوای بـەردەوامی بـۆ دەخـوازم، دڵنیـام ئـەو لێكۆڵینـەوەی كـە لەشـێوەی نامیلكـە بەردەسـتە كـەلێنێكی گـەورە لەكتێبخانـەی یاسـایی كـوردی بەگشـتی و پەرلـەمانی بـە تایبـەتی پڕدەكاتەوە .

د. خامۆش عمر عبدالله
٢٠١٩/٨/٢٧

# ئەم نامیلکەیە بۆ؟

پەیرەوی ناوخۆ لەپاڵ دەستوور و یاساکانی تایبەت بە کاری پەرلەمـان، رۆڵێکـی گرنـگ و کـاریگەر دەبینێـت لە رێکخسـتن و چـۆنیەتی بەرێوەچـوونی کاروبارەکـانی نـاو پەرلەمـان. گرنگـی پەیـڕەوی نـاوخۆ لەوەدا خـۆی دەبینێـتەوە کە لەلایەک کاروبـارە نێوخۆییەکانی دامەزراوەیەکی باڵاو دەستووری هەستیار و گرنگی وەک پەرلەمـان رێکـدەخات و، لەلایەکـی دیکەشـەوە بە هـۆی ئەو پانتاییە زۆرەی دەستوورو یاساکان جێیان هێشتووە بۆ پەیڕەوی نـاوخۆ تـا رۆڵـی تیـا ببینێت لە رێکخستنیاندا، چـونکە دەسـتوورو یاسـاکان تەنهـا لە رێـگەی چەنـد بـڕگەو مـاددەیەکی دیـاریکراو ئاماژەیـان بـۆ بنەمـا گشـتییەکانی کاروبـاری پەرلەمـان کـردووە، درێژەی چۆنیەتی رێکخستنی کاروبارە ناوخۆییەکانی پەرلەمانیان بۆ پەیڕەوی ناوخۆ جێهێشتووە.

لەو سـۆنگەیەوە پەرلەمـانی کوردسـتانیش لە دوای دروستبوونیەوە لە بەرەنجامی یەکەم هەڵبژاردنی ئازادانەی خەڵکی کوردسـتان لە ١٩٩٢/٥/١٩ و، گرێـدانی یەکەم دانیشـتنی لە ١٩٩٢/٦/٤، یەکێک لەو کـارە گرنگـانەی ئەنجـامی دا بریتـی بـوو لە دەرچواندنی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان، ئەوەبـوو لە ١٩٩٢/٦/١٧ پاڵپشت بە بڕگەی (٨) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ کە دەسەڵاتی داوە بە پەرلەمـان پەیڕەوێکی نـاوخۆ بۆ خـۆی دابنێت، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی پەسند کرد[(١)].

ئەم پەیڕەوە کە لە مـاوەی خولەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم و چـوارەمی پەرلەمـانی کوردسـتان بەرکـار بـوو، هەشـت جـار

---

(١) بەزاز عەونـی، پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان-عێـراق و هەموارکردنەکانی،هەولێر، کتێبخانەی تەبایی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، ل٤.

هەمـوارکراوەتەوە تـاوەکو لە گەڵ پێداویسـتی و گۆڕانکارییەکـانی کاری پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان خۆی بگونجێنێت.

دوای تێپەڕبـوونی زیـاتر لە (٢٢) سـاڵ بەسـەر دەرچـوونی یەکەم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـان و بەهـۆی زۆری گۆڕانکـاری و پێشهاتەکان لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان، بە تـایبەتی روخـانی رژێمـی بەعس لە ٢٠٠٣ و گـۆڕانی عێـراق لە دەوڵەتێکـی سادەی ناوەندی دیکتاتۆرییەوە بۆ دەوڵەتێکی ئیتیحـادی (فیـدراڵی)، و بە دەسـتووری ناسـاندنی قەوارەی هەرێمـی کوردسـتان لە دەستووری هەمیشەی عێراق ساڵی ٢٠٠٥ ، پەرلەمانی کوردستان لە خولی چوارەمیدا گەیشتەی ئەو بڕوایەی کە پێویستە پەیڕەوێکـی نـویٚ بۆخـۆی دابنێت تـا لە ئاسـت وەڵامـدانەوەی پێداویسـتییەکانی رۆڵـی گرنگ و کـارای پەرلەمـانی کوردسـتان بێت لە واقیعـی نـوێی هەرێمـی کوردسـتاندا، ئەوەبـوو لە ڕێکەوتـی ٢٠١٤/٦/١٦ بە پێـی بڕیاری ژمارە (١٠) لیژنەیەکی پێک هێنا کە (١٣) پەرلەمانتار ئەندام بـوون تیایـدا، بە مەبەسـتی پێـداچوونەوەی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمان[1]، دوای کـارکردن بۆ مـاوەی (٢) سـاڵ، دواجـار لیژنەکە پـرۆژەی پەیڕەوێکـی نـوێی بـۆ پەرلەمـان ئامـادەکرد، بەڵام بەهـۆی بـارودۆخی سیاسـی ئەوسـای کوردسـتان، گفتوگـۆکردن لەبـارەی پەیـڕەوە نـوێیەکە دواکەوت بـۆ سـاڵی ٢٠١٨. دواجـار لە دانیشـتنی ژمـارە(٨)ی رۆژی ٢٠١٨/٧/١٧، پەرلەمـانی کوردسـتان پەیـڕەوی ناوخۆی نوێی پەسند کرد[2].

دوای بڵاوبـوونەوەی لەرۆژنـامەی وەقـایعی کوردسـتان، هەروەک لە مـاددە (١٢٦)ی پەیـڕەوەکەدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە، پەیـڕەوی نـویٚ چـووە قۆنـاغی جێبەجێکـردنەوەو بـوو بە پەیـڕەوی بەرکار لە پەرلەمانی کوردستان. ئەگەرچی پەیڕەوی ناوخۆی نوێی پەرلەمـان بەراورد بە پەیـڕەوەکەی پێشـوو، کۆمەڵێـک گۆڕانکـاری

---

(١) رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (١٧٦)، ، ساڵی چواردەهەم لە٢٠١٤/٧/١٠، ل٥.

(٢) رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (٢٢٨)ی ساڵی هەژدەهەم،لە٢٠١٨/٨/٢٦، ل١.

جەوهەری لە بواری پێکهاتەی پەرلەمان و پرۆسەی یاسادانان و چاودێری لەخۆ گرتبوو، بەرەچاوکردنی پێداویستییەکانی ئەم قۆناغەی کاری پەرلەمان، کەچی لە یەکەم ئەزموونی بەرکاربوونیداو بە دیاریکراوی لەکاتی سوێندخواردنی کاندیدە هەڵبژێردراوەکانی خولی پێنجەمی پەرلەمان، کێشە لە جێبەجێکردنیدا دروست بوو، کاتێک سەرۆکی تەمەن داوای لە کاندیدە هەڵبژێردراوەکان کرد، کە بە پێیی ماددەی (٤٧) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢[1] سوێندی یاسایی بخۆن، لەبری ئەوەی بە پێی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٢) ی پەیڕەوی ناوخۆ[2] سوێند بخۆن، ئەمەش بە پاساوی هەبوونی دژیەکی لە نێوان دەقی سوێندی هاتوو لە پەیڕەوو یاساکەدا. لەکاتی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش جارێکی دیکە سەرۆکی تەمەن گەڕایەوە بۆ جێبەجێکردنی ماددەی (٤٨) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ کاتێک دەرگای خۆپاڵاوتنی بۆ سەرۆکی پەرلەمان و جیگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان کردەوە، لەبری ئەوەی کار بە ماددەی (١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ بکات کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دەستەی سەرۆکایەتی پێک دێت لە (سەرۆک و جێگری یەکەم و جێگری دووەم). ئەم پرسە وەک یاساناسێک و راوێژکاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان سەرنجی راکێشام و پرسیاری راستی و دروستی ئەو هەنگاوە یاساییەی لا دروست کردم، کە

---

(١) ماددەی (٤٧) : (پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبەستێ و، ئەندامەکانی ئەم سوێندەی خوارەوە دەخۆن: (بەخودای گەورە سوێند دەخۆم کە پاریزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان-عیراق و بەرژەوەندیە باڵاکانی بکەم).

(٢) بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٢): (سوێندخواردنی یاسایی سەرۆکی یەکەم دانیشتن و کاندیدە هەڵبژێردراوەکان بەم شێوەیە دەبێت (بەخودای گەورە سوێند دەخۆم، کە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و یەکێتی خاک و گەل و شکۆو ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتیان و سامانی گشتی بپارێزم و ئەرکی ئەندامییەتی بەڕاستی و دڵسۆزیەوە جێبەجێ بکەم).

ئاخۆ بەهاو پێگەی یاسایی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان چی بێت لە پلەبەنـدی یاســایی لە هەرێمــی کوردســتاندا، چــونکە لە ســایەی نەبوونی دەستوورێک لە هەرێم، بڕگەی هەشتەمی ماددەی (٥٨) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ تەنها دەقێکی یاساییە کە باسی لە بـوونی پەیڕەوێـک کـردووە بـۆ پەرلەمـان، ئەویـش لەلای خـۆیەوە دورو نزیک ئامـاژەیەکی بۆ بەهـای یاسـایی پەیـڕەوەکە نەکـردووە، لەلایەکــی دیکەشــەوە نەبــوونی دادگــای دەســتووریش لە هەرێــم یەکلاکـردنەوەی ئەم بـابەتە یاســاییەی ئـاڵۆزتر کـردوە. بـۆیە بە پێویسـتم زانـی وەک یاساناسـێک و موهتەمێک بەو بـوارە، بـاری سەرنجی یاسایی خۆم لە دووتـوێی تۆێژینەوەیەکدا بخەمەڕوو بۆ ئەو کەسـانەی کە ئەم گـرفتە یاسـاییەیان بەلاوە گـرنگە، بەتـایبەتی ئەنــدامانی بەڕێــزی پەرلەمــان، کە بە پــلەی یەک ئەم گـــرفتە رووبەڕووی ئەوان دەبێــتەوە لە ئێســتا و لەو داهاتووشــدا، بەو ئومێـدەی بتــوانم بە پشتبەســتن بە بنەمــای زانســتی و بــابەتی بەرچاوڕوونیان بکەم لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتە یاساییەدا.

بـۆ ئەوەی خوێنــدنەوەو راڤەیەکــی هەمەلایەنەی ئەو بــابەتە بکەیـن توێژینەوەکەمـان دابەش دەکەیـن بـۆ چەنـد تەوەرێـک بەم شــێوەیە: تەوەری یەکەم تەرخــان دەکەیــن بــۆ ئامــاژەکردن بە پێناسـەی پەیـڕەوی نـاوخۆ ، لە تەوەری دووەمدا تـاوتوێی گرنگـی بونی پەیڕەوێک دەکەین بۆ پەرلەمـان ، لە تەوەری سـێیەمدا بـاس لەچوارچێـوەی ئەو بابەتـانە دەکەیـن کە پەیـڕەوی نـاوخۆ رێکیـان دەخـــات ، لە تەوەرەی چوارەمیشـــدا ئامـــاژە بە شـــێوازەکانی دەرچواندنی پەیـڕەوی نـاوخۆ دەکەین،تەوەری پێنجەمیش تەرخـان دەکەین بۆ تیشکخستنە سـەر بنەمـای پلەبەندی رێسـا یاسـاییەکان ، دوا تەوەرەش تەرخـان دەکەیـن بـۆ دیـاریکردنی بەهـای یاسـایی پەیــڕەوی نــاوخۆو پــێگەی لە پلەبەنــدی یاســاکان لە هەرێمــی کوردستاندا ، بێ گومان وەک نەریتی هەر توێژینەوەیەکی زانستیش بە چەند راسپاردەیەک کۆتایی بە توێژینەوەکەمان دەهێنین.

# تەوەری یەکەم
# پێناسەی پەیڕەوی ناوخۆ

سەبارەت بە پێناسەو واتای پەیڕەوی ناوخۆ، بۆچوونی زۆرو لەیەک جیاواز هەن، بۆیە هەوڵدەدەین سەرەتا لەڕووی زمانەوانیەوە پێناسەکانی پەیڕەوی ناوخۆ بخەینەڕوو، دواتر دەچینە مەیدانی فیقهو قەزا تا بزانین ئەوان چۆن پێناسەی پەیڕەوی ناوخۆیان کردووە وەک چەمکێکی یاسایی.

١ -پێناسەی زمانەوانی:

به شێوەیەکی گشتی و لەڕووی زمانەوانیەوە چەندین پێناسە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ کراوە، فەرهەنگی دەستووری بەم جۆرە پێناسەی پەیڕەوی ناوخۆی کردوە (ئەو بڕیارەیە کە لەلایەن کۆمەڵەی پەیوەندیدارەوە دەنگی لەسەر دەدرێت، کۆمەڵێک حوکمی پەیوەست بە ڕێکخستنی کارەکان و دروستکردن و دیاریکردنی ڕۆڵی دەزگاکان لەخۆ دەگرێت، هەروەها کۆمەڵێک ڕێوشوێنی ناوخۆیی تایبەت بە دیاریکردنی دامەزراوەکانی ئەنجومەنە نوێنەرایتیەکان و ڕێکخستنی گفتوگۆکان، کاتی قسەکردن، ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی تایبەت بە باش بەڕێوەچوونی کفتوگۆکان، شێوازەکانی دەنگدان، هەروەها حوکمەکانی

تـايبەت بە دەسـەڵاتە گشـتييەكان دەگـرێتە خـۆی)[1]. هەر لە رووی زمـانەوانيەوە فەرهەنگـی (منهـل لاروس) بەمجـۆرە پێناســەی كــردووە كە دەڵێــت (ئەو دەقەیە كە ســەرۆكی دامەزراوەیەک دايــدەرێژێت و، مەرجەكــانی كــاركردن و رێوشوێنە بەرزەفتييەكان لە دەزگـاو دامەزراوەكانـدا لە خـۆ دەگرێت و، پێويستە رۆشن بێت بۆ هەمووان)[2].

٢ -پێناسەی وەک چەمكێكی ياسايی:

دەســتوور و ياســاكانی تــايبەت بەكــاری پەرلەمــانی پێناســەيەكی ئەوتۆيــان نەكــردووە بــۆ چەمكــی پەيــڕەوی ناوخۆ، ئەوەش دەرگـای واڵا كـردووە بۆ دادگاكـان لەلايەک و پسپۆڕانی بواری ياساش لە لايەكی دی تـاوەكو پێناسـەی ئەو چەمكە بكەن:

أ -پناســەی ئەنجــومەنی دســتووری فەرەنســی: ئەنجــومەنی دەســتووری فەرەنســی لە دوو بڕيارێـدا پێناسـەی پەيـڕەوی نـاوخۆی كـردووە، بڕيـاری يەكەمـی كە تـايبەتە بە كـۆمەڵەی نيشتمانی بەم شێوەی پێناسەی كردووە: بـريتيە لە (كۆمەڵێک رێوشــوێن و بڕيــار، سروشــتی ناوخۆييــان هەيە پەيوەســتن بەسيســتم و بەرێوەچــوونی كارەكــانی نــاوخۆی كــۆمەڵەی

(١) ابـو شـمالة، فـايز محمـد، دور النظـام الـداخلي فـي العمـل البرلمـاني، دار الخلـيج، الاردن-عمان، ط٢، ٢٠١٩، ص٣٥.

(٢) لبنـی، محامديـة، الرقابـة الدسـتورية علـى الانظمـة الداخليـة للبرلمـان، رسـالة ماجسـتير، جامعة محمد بوضياف، مغرب، المسيلة، ٢٠١٥، ص٩.

نیشـــتمانی)[1]. لەبڕیـــاری دووەمیشـــیدا کە پەیوەســـتە بە ئەنجومەنی پیران بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: (کۆمەڵێک پێداویســتی نــاوخۆیی پەیوەســتن بە بەڕێوەچــوونی کــاری ئەنجومەنەکە، هەوڵ دەدات بۆ کۆت و بەندکردنی ئەندامانی ئەنجــومەنەکە بە تەنهــا، هەروەهــا بابەتەکــانی تــایبەت بە بەڕێوەچـــوونی کـــارو ئـــاڵوگۆری بیـــروڕا لەدامەزراوەی پەرلەمان دیاری دەکات)[2].

ب- پێناسەی شارەزایانی بـواری یاسـا: پسـپۆڕان و شـارەزایانی بــواری یاســا لە چەنــدین گۆشــەنیگاوە پێناســەی پەیــڕەوی ناوخۆیـان کـردووە، پرۆفیسـۆر جـون بـول جاکی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: (بریتیە لەو پەیمانننامەیەی کە بەڕێوەبردن و ڕێکخسـتنی ئەرکەکـانی ئەنجـومەنی نـوێنەران ڕێـک دەخـات)[3]. لەلای خۆیەوە پرۆفیسۆر خەلیل موحسین بەم جۆرە پێناسـەی دەکـات: (کۆمەڵێـک ڕێسـایە ئەنجامـدانی ئەرک و تایبەتمەنـدییە دەســتوورییەکانی ئەنجــومەنی نــوێنەران دیــاری دەکــات)[4]. لەلایەکی دیکەوە دکتۆر عەلی صـاوی بەم شـێوەیە پێناسـەی کــردووە: بــریتیە لە (کۆمەڵێــک ڕێســای تــایبەت بە پەیــکەری کارکردنی ئەنجومەن و دەزگا سەرکییەکانی، هەروەها ماف و

---

(١) ابو شمالة، فايز محمد، هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

(٣) حياة صحراوي، ضمانات استقلالية السلطة التشريعية في الدساتير الجزائرية، رسالة ماجستير، جامعة بومرداس، ٢٠١٦، ص٦٠.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٦٠.

ئەرکەکــانی ئەنــدام دیــاری دەکــات،و نەخشـــەی چــۆنیەتی بەجێهێنــانی کارەکــانی پەرلەمــان دەکێشــێت)[1]. لەکــۆی ئەو پێناسـانەی ئاماژەمـان پێکـردن ئەوەمـان بـۆ روونـدەبێتەوە کە پەیـڕەوی نــاوخۆ: بــریتیە لە کــۆمەڵە رێســایەکی نــاوخۆیی پێکهـاتەی پەرلەمـان کە چـۆنیەتی بەرێوەچـوونی کارەکـانی بە تایبەت لە رووی یاسادان و چاودێری دەسـەڵاتی جێبەجێکردن و گفتوگۆکـانی نـاو پەرلەمـان رێکـدەخات و لە پـاڵ ئەوەشـدا ئەرک و مافەکانی ئەندامانیش دیاری دەکات.

(١) ابو شمالة، فايز محمد، هەمان سەرچاوە، ل٣٥.

# تەوەری دووەم
# گرنگی پەیڕەوی ناوخۆو پێویستبوونی

١ -گرنگی پەیڕەوی ناوخۆ:

دەتوانین بڵێین کۆدەنگییەک هەیە سەبارەت بە گرنگی بوونی پەیڕەوی ناوخۆ بۆ پەرلەمان، شارەزایان و پەیوەندیداران بەو بابەتە هەریەکەو بەجۆرێک گوزارشتیان لێ کردووە، (جون لوی دوبری) کە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی فەرنسا بووە لە ٢٠٠٢ تاوەکو ٢٠٠٧ لە کاتی ئاهەنگی سوێندخواردنی سەرۆکی فەرەنسا لە وتەیەکیدا لەبارەی گرنگی پەیڕەوی ناوخۆوە دەڵێت (بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێک کەس، ئێمە بەردەوام دەتوانین کەم و کورتی و بەلاڕێداچوونی دامەزراوەکانمان راستبکەینەوە بێئەوەی پەنا بۆ هەمواركردنەوەی دەستوور ببەین، ئەمەش لەرێگەی پێشخستنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە)[١]. هەر لەو بارەیەوە پرۆفیسۆر سامی مهران کە ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی گەل بووە لە میسر ئاماژە بە رادەی کاریگەری پەیڕەو دەکات لە سەر کاروبارەکانی پەرلەمان تا ئەندازەی ئەوەی وەک مەترسیەک باسی دەکات کاتێک دەڵێت: (پەیڕەو ئامرازێکی مەترسیدارە رەنگە زیاتر لە دەستوور کاریگەری هەبێت لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچونی

---

(١) السيد، محمود صبحي علي، الرقابة على دستورية القوانين، القاهرة، دار النهضة ط٢، ٢٠١٧، ص٣٥٣.

کارەکانی ئەنجومەن)[1]. هەر ئەو گرنگی و کاریگەریە زۆرەی پەیڕەو هەیەتی لە رووە جۆر بەجۆرەکان لەسەر پەرلەمان وای کردووە لە هەندێک لە شارەزا کلاسیکیەکانی بواری یاسا بڵێن (پەیڕەو بە جۆرێک لەجۆرەکان دەستوورێکە بۆخۆی یان درێژکراوەیەتی یانیش راڤەکەریەتی)[2]. هەر لەهەمبەر گرنگی و هەستیاری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یاساناسانی بەریتانی بە هیچ جۆرێک بواریان نەهێشتۆتەوە بۆ لایەنێکی دیکە جگە لە پەرلەمان خۆی، کە قسەی هەبێت لەسەر کاروبارەکانی بۆیە لەوبارەیەوە دەڵێن (ئەوەی لەناو پەرلەمان روودەدات تەنها پەرلەمان دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە، دادگاکان بۆیان نییە قسەیان هەبێت لەسەری) هەر بۆیە (لۆرد براون ویلکسون) لەکێشەی (بریێڵ) لە دژی تەلەفزیونی نیوزلەندا دەڵێت: (دادگاکان بۆیان نییە سنووری پەرلەمان ببەزێنن و دەست وەربدەنە کاروباری ناوخۆی پەرلەمان بە تایبەت لە بواری ئەرکی یاسادانان و ئەرکە لاوەکییەکانی دیکەی)[3]، هەر ئەوەش وای کردووە لە (بول سیلک) کە یەکێکە لە گەورە بەرپرسانی

---

(١) ابو شمالة فايز محمد عبدالرحمن، بطارسة سليمان سليم، الاطار الدستوري للنظام الداخلي لمجلس النواب الاردني، مجلة جامعة عمان العربية للبحوث، المجلد الاول، العدد الاول، ٢٠١٨، ص١٥٩.

(٢) المستشار د.ع محمد سلمان، الرقابة الدستورية على اللائحة البرلمانية، مجلة الدستورية الصادرة من المحكمة الدستورية في مصر، العدد الحادي والعشرون، السنة العاشرة، ٢٠١٢.

(٣) العجارمه، د محمد محمود العمار، ضمانات استقلال المجالس التشريعية، عمان، دار الخليج، ط٢، ص٢١٨.

ئەنجـومەنی گشـتی بریتانیـا و سـالأنێک ئەمینـداری گشـتی کـۆمەڵەی نیشـتمانی هەرێمـی وێڵـز بـووە لەبـارەی گرنگـی پەیـڕەوی نـاوخۆوە بڵێـت (پەیـڕەوی نـاوخۆ بڕبـڕەی پشـتی پەرلەمانێکی کارایە)[1]. هەر لەبارەی گرنگی پەیڕەوی ناوخۆوە دکتـور (فرانسـوا لوشـار) دەڵێـت (سـەبارەت بە کاروبـاری پەرلەمـانی زۆربەی جـار پەیـڕەو کـاریگەری زۆرتـرە لە دەسـتوور، ئەمەش بـووەتە ئـامرازێکی بەهێـزو مەترسـیدا بەدەسـت حزبەکـانەوە) هەر لەو بـارەیەوە نمـوونەی ئەو کـاریگەریەی پەیڕەومـان بـۆ دێنێـتەوە کاتێـک دەڵێـت (راسـتە لەدەسـتووری فەرەنسـیدا هەنـدێک رێککـاری تـایبەت بە لێسەندنەوەی متمانە باس کراوە، بەڵام لە هەمان کاتدا بوار بۆ هەنـدێک رێککـاری دیـکە هێڵـدراوەتەوە بـۆ پەیـڕەو کە راسـتە دەرەنجـامەکەی لێسـەندنەوەی متمـانە نـیە لەحکـومەت، بەڵام مایەی ئیحراجکردنیەتی لەبەردەم جەمـاوەر، وەک رێککارەکانی سەرزەنشتکردنی  حکومەت)[2].

---

(١) بـول سـیرک، دلیـل البرلمانـات-٢- (العملیـات والاجـراءات البرلمانیـة )، مؤسسـة شـرکاء الدولیین،٢٠١٧، ص٢ .

(٢) عبـدالوهاب، دکتـور محمـد رفعـت، رقابـة دسـتوریة القـوانین، دار الجامعـة الجدیـدة، اسکندریة، ٢٠١١، ص٢٤٢ .

٢ –پێویستی بوونی پەیڕەوی ناوخۆ:

سەبارەت بە پێویستی بوونی پەیڕەوی ناوخۆ، دکتور (فایز محەمەد ئەبو شەماله) ئاماژە بە(٣) خاڵی گرنگ دەکات ئەوانیش[1]:

أ –بوونی پەیڕەوی ناوخۆ پێویستیەکی یاسادانانه: بەشێوەیەکی گشتی دەستوور و هەندێکجار یاساکان له میانەی چەند ماددەیەک و بە شێوەیەکی سنووردار ئاماژه بۆ پرۆسەی یاسادانان دەکەن، ئەوەش دەمانگەیەنێته ئەو ئەنجامەی، ئەگەر پەیڕەوی ناوخۆ نەبێت کە بە شێوەیەکی گشتگیرو فراوان تەواوی هەنگاوەکانی پرۆسەی یاسادانان دیاری دەکات، ئەوا ئەو کاته پرۆسەی یاسادانان ئەستەم و ئاڵۆز دەبێت.

ب –بونی پەیڕەوی ناوخۆ پێویستییەکی ئیداری و ڕێککارییه: پەرلەمان پێکهاتەیەکی فرەییە لەڕووی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و نەتەوەیی و زمان و مەزهەبیەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە ئازادی سیاسی تێیاندا بەرقەرارەو حزب و ڕێکخراوی سیاسی جیاواز دەچنە پەرلەمانەوە، هەربۆیه ئەستەمە لە سایەی بوونی ئەو هەموو جیاوازیاندا، پەرلەمان ئیدارە بدرێت بە بێ بوونی پەیڕەوێکی ناوخۆ هەر ئەمەش وای لە سێیەم سەرۆکی ئەمریکا (تۆماس جیفرسۆن) کردووە کە لەوبارەیەوە بڵێت: (پێویستە له

(١) ابو شمالة، فايز محمد، دور النظام الداخلي في العمل البرلماني، مصدر سابق، ٢٠١٩.

دامەزراوەیەکی خاوەن شکۆی وەک ئەنجومەنی پیران، کارەکان بەیەک شێواز بەڕێوە ببرێن، دوور لە خواست و ئارەزووی سەرۆکی ئەنجومەن یان ئەندامەکان، ئەمەش لە پێناوی بەرقەراربوونی سیستم و ئاداب و رێکوپێکی کارەکانی ئەنجومەنەکە).

ت -بوونی پەیڕەو پێویستە بۆ پاریزگاریکردن لەکەمینەی پەرلەمانی: لەولاتە دیموکراتیەکاندا زۆربەی جار زۆرینەیەکی لایەنگرو هەوادار بۆ حکومەت لەگەڵ کەمینەیەکی بەرهەڵستکار بۆ حکومەت لە پەرلەمانەکانیاندا بوونی هەیە، ئەگەر بێتو پەیڕەوی ناوخۆ نەبێت کە لەهەندێک بوار، سەرەڕای کەمی ژمارەی پەرلەمانتارە بەرهەڵستکارەکان، دەرفەتی رەخساندووە رۆڵی پێویست و خوازراوی خۆیان ببینن، ئەوا بێگومان زۆرینەی هەوادارو لایەنگری حکومەت، بەهۆی زۆری ژمارەییەوە هەرگیز دەرفەتی بەشداریکردن و رۆڵپێدانی کەمینەی پەرلەمانتارە بەرهەڵستکارەکانیان نەدەدا لەپرۆسەی یاسادانان و چاودێری کە دوو ئەرکی سەرەکی و گرنگی هەر پەرلەمانێکن.

سەرەڕای ئەو سێ خاڵەی ئاماژەمان پێدان سەبارەت بە پێویستی بوونی پەیڕەوی ناوخۆ زۆرێک لەشارەزایان و تایبەتمەندانی بواری یاسا پێیان وایە بوونی پەیڕەوی ناوخۆ هێمایەکە بۆ سەربەخۆبوونی دەسەلاتی یاسادانان و بەرجەستەکردنێکی

کرداری بنەمای لێکجیایی دەسەڵاتەکانە کە ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتان پابەندی خۆیان بەو بنەمایە پشتڕاست دەکەنەوە، هەربۆیە لەدەستوورەکانیاندا دەسەڵاتی دانانی پەیڕەوی ناوخۆیان بە خشیوە بە خودی پەرلەمان خۆی.

# تەوەری سێیەم
# ئەو بابەتانەی پەیڕەوی ناوخۆ لەخۆیان دەگرێت

سـەبارەت بەو بابەتـانەی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان لەخۆیـان دەگرێـت و ڕێکیـان دەخـات، ئەزمـوونی وڵاتـان چـۆنیەک نـین، هەرچەنـدە خـاڵی هاوبەشـیش لە نێوانیانـدا زۆرە، بەڵام بێگومـان جیاوازیشیان هەیە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەزموونی وڵاتان بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی بابەتەکانی نێو پەیڕەوی نـاوخۆ بۆ دوو شێوازی سەرەکی پۆلێن بکەین:

١ –دیـاریکردنی چوارچێوەی بابەتەکـانی پەیـڕەو لە دەسـتوور یان لە خودی پەیڕەوەکەدا:

أ –هەنـدێک لە وڵاتـان لە دەسـتوورەکانیاندا بە شـێوەیەکی حەصـری چوارچێـوەی ئەو بابەتانەیـان دیـاری کـردوە کە دەبێت پەیڕەوی نـاوخۆ ڕێکیان بخـات و لە خۆیان بگرێت، بەو مانـایەی پەرلەمـان بۆی نییە لە کـاتی دانـانی پەیـڕەوی نـاوخۆ لەدەرەوەی ئەو بابەتـانەی لەدەستووردا ئاماژەیـان بـۆکراوە هـیچ بـابەتێکی دی لە چوارچێـوەی پەیـڕەوەکەدا ڕێکبخـات. نمـوونەی ئەم شـێوازەش وڵاتـی (قەتەر)ە کە لە مـاددەی (٩٧)ی دەسـتوور دیـاری کـردووە کە دەبێـت پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی شورا چی لە خۆ بگرێت.[١].

هەروەهـا وڵاتـی مەغـرییبیش لە دەسـتووری سـاڵی ٢٠١١ هەمـان ڕێچـکەی گرتـۆتەبەر بـۆ دیـاریکردنی بابەتەکـانی پەیڕەوی ناوخۆ[٢].

---

(١) المادة (٩٧) من دستور قطر لسنة ٢٠٠٤: (يضع مجلس الشورى لائحته الداخلية متظمنة النظام الداخلي وطريقة سير العمل في المجلس، واعمال لجانه، وتنظيم الجلسات، وقواعد المناقشة، والتصويت، وسائر الصلاحيات المنصوص عليها في هذا الدستور وتحدد لائحة الجزاءات التي تقرر على مخالفة العضو للنظام، او تخلفه عن جلسات المجلس او اللجان بدون عذر مقبول، وتصدر اللائحة بقانون).

(٢) المادة (٦٩) من دستور المغرب لسنة ٢٠١١ :( يضع كل من المجلسين نظامه الداخلي ويقره بالتصويت.... يحدد النظام الداخلي بصفة خاصة: ١-قواعد تأليف وتسيير الفرق

به هەمان شێوە وڵاتی بەحرەینیش لە میانەی ماددەی (٩٤) لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٢ ئاماژەی کردووە بەو بابەتانەی کە پەیڕەو لە خۆیان دەگرێت و ڕێکیان دەخات[١]. هەروەها یاسادانەری کوێتیش هەمان ڕێچکەی گرتۆتەبەرو لە ماددەی (١١٧) لەدەستووری ساڵی ١٩٦٢ ئاماژەی بەو بابەتانە کردووە کە دەبێت پەیڕەوی ئەنجومەنی ئوممە ڕێکیان بخات[٢].

ب -هەندێکی دی لەوڵاتان لەخودی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەو بابەتانەیان دیاریکردووە کە پەیڕەوەکە بۆی هەیە لەخۆیان بگرێت و ڕێکیان بخات. نموونەی ئەو وڵاتانەش میسرە کە لە ماددەی (٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی ساڵی ٢٠١٦ ئاماژەی بەو بابەتانە کردووە کە پەیڕەوەکە دەسەڵاتی ریکخستنیانی هەیە[٣].

---

والمجموعات البرلمانية والانتساب إليها، والحقوق الخاصة المعترف بها لفرق المعارضة.٢- واجبات الأعضاء في المشاركة الفعلية في أعمال اللجان والجلسات العامة، والجزاءات المطبقة في حالة الغياب.٣- عدد اللجان الدائمة واختصاصا وتنظيمها، مع تخصيص رئاسة لجنة أو لجنتين للمعارضة، على الأقل، مع مراعاة مقتضيات الفصل ١٠ من هذا الدستور).

(١) المادة (٩٤) من دستور البحرين لسنة ٢٠٠٢ :( أ- يبين القانون نظام سير العمل في كل من مجلس الشورى ومجلس النواب ولجانهما، وأصول المناقشة والتصويت والسؤال والاستجواب وسائر الصلاحيات المنصوص عليها في الدستور، وكذلك الجزاءات التي تترتب على مخالفة العضو للنظام أو تخلفه عن جلسات المجلس أو اللجان بدون عذر مقبول .
ب- لكل من المجلسين أن يضيف إلى القانون المنظم له ما يراه من أحكام تكميلية.).

(٢) المادة (١١٧) من دستور الكويت لسنة ١٩٦٢ :( يضع مجلس الأمة لائحته الداخلية متضمنة نظام سير العمل في المجلس ولجانه وأصول المناقشة والتصويت والسؤال والاستجواب وسائر الصلاحيات المنصوص عليها في الدستور. وتبين اللائحة الداخلية الجزاءات التي تقرر على مخالفة العضو للنظام أو تخلفه عن جلسات المجلس أو اللجان بدون عذر مشروع).

(٣) اللائحة الداخلية لمجلس النواب المصري لسنة ٢٠١٦، المادة (٢): ( تنظم هذه اللائحة العمل داخل مجلس النواب، وكيفية ممارسته لاختصاصاته، والمحافظة على النظام داخله، وتبين حقوق وواجبات الأعضاء، والإجراءات والأعمال البرلمانية، والعلاقة بين المجلس وغيره من السلطات والجهات).

٢ -دیاری نەکردنی بابەتەکانی ڕێکخراو لە نێو پەیڕەوی ناوخۆدا : زۆرینەی وڵاتان پەیڕەوی ئەم شێوازەیان کردوە، بەجۆرێک لەهیچ دەقێکی دەستووری یان یاسایی تەنانەت پەیڕەویش ئاماژەیەکیان نەکردووە بۆ دیاریکردنی بابەتەکانی نێو پەیڕەوی ناوخۆ، هەربۆیە پەرلەمان لەم بارەدا دەستکراوە دەبێت لە ڕێکخستنی ئەو بابەتانەی بەگرنگ و پێویستیان دەزانێت و لەهەمان کاتدا تایبەتن بە ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆی پەرلەمان بەو مەرجەی دژیەک و ناکۆک نەبن لەگەڵ دەستووردا، بەشێوەیەکی گشتی و بەسەرنجدان لەپەیڕەوی ناخۆی چەندین وڵات بۆمان دەردەکەوێت کە پەیڕەوی ناوخۆ ئەم بابەتانە ڕێکدەخات: (سیستەمی دانیشتنەکانی پەرلەمان، ڕێککارەکانی گفتوگۆی ناو پەرلەمان، پرۆسەی دەنگدان، دیاریکردنی تایبەتمەندی لیژنەکان و شێوازی کاریان، دەستەی سەرۆکایەتی و چۆنیەتی پێکهێنانی، ڕێککارەکانی پێشەکەشکردن و دەرچوواندنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکان، شێوازو ڕێککارەکانی چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ڕێککارەکانی دروستی ئەندامێتی و چۆنیەتی تانەلێدانی، دەستپێکردنی تایبەتمەندی ئەندامێتی، کۆتاییهاتنی پارێزبەندی ئەندامان و چۆنێتی لابردنی، ئەرک و مافەکانی ئەندام و ڕێککارە بەرزەفتیەکان، ڕێککارەکانی وەرگرتنەوەی متمانە لەحکومەت، ئەمانەو هەر ڕێساو بنەمایەکی دیکە کە پێویست بێت بۆ ڕاییکردنی کاروباری پەرلەمان بەمەرجێک پێچەوانەی دەستوور نەبێت[١].

توێژەرانی بواری یاسا چەند خاڵێک بە گرنگ دەزانن کە لە کاتی دانانی پەیڕەو پێویستە ڕەچاو بکرێت:

(١) السيد، محمود صبحي علي، مصدر سابق، ص٣٥٢

١ -نابێت پەیڕەوی ناوخۆ دەروازیەک بێت بۆفراوانکردنی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی پەرلەمان، لەکاتێکدا دەستوور سنووری ئەو تایبتمەندی و دەسەڵاتانەی دیاریکردووە، ئەمەش لە پێناوی پابەند بوون بە سنووری دەستوری دیاریکراو.
٢ -بەربەست و گرفت دروست نەکات بۆ دەسەڵاتەکانی دیکە (جێبەجێکردن، دادوەری)، رێگرنەبێت لەپیادەکردنی دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانیان هەروەک لەدەستووردا دەقنووس کراوە[١].
٣ -زەمینەی ئازادی رادەربڕین بۆ ئەندامان بەگشتی و فراکسیۆنە جیاوازەکان مسۆگەر بکات.
٤ -سادەو رۆشن بێت بەجۆرێک تەواوی ئەندامانی پەرلەمان بتوانن تێبگەن لەکاری پەرلەمانتاریاندا و بە ئاسانی پیادەی بکەن، چونکە هەمیشەو لەهەموو وڵاتانی دونیاش وەهایە کە رێژەی هەرە زۆری پەرلەمانتاران دەرچووی کولێژی یاسا نین و هۆشیاری یاساییان وەک پێویست نییە.
٥ -دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەمان بەجۆرێک نەبێت کە کاریگەری نەرێنی دروست بکات لەسەر سەربەخۆیی ئەندامان، چونکە ئەندام جگە لەئیرادەی گەل و جومگەکانی دەستوور و یاسا، نابێت ژێرباربێت بۆ هیچ ئیرادەیەکی دیکە[٢].

---

(١) المستشار د.عبدالعزيز محمد سلمان، الرقابة الدستورية على اللائحة البرلمانية، مجلة الدستورية الصادرة من المحكمة الدستورية في مصر، العدد الحادي والعشرون، السنة العاشرة، ٢٠١٢.

(٢) الصاوي على، نحو عمل خطة المجالس البرلمانية العربية تطوير العمل البرلماني العربي، ط١، بيروت مركز اللبناني للدراسات، ٢٠٠٩، ص٢٩٦.

# تەوەری چوارەم
# شێوازەکانی دانان ودەرچوواندنی پەیڕەوی ناوخۆ

بەشێوەیەکی گشتی دەستوور شێوازی دەرچوواندن و لایەنی خاوەن تایبەتمەندی بە دەرچوواندنی پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمان دیاری دەکات، بە لێوردبوونەوە لە پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمان لە ولاتان بۆمان دەردەکەوێت کە دەرچوواندنی پەیڕەو لەم چەند شێوازە بەدەر نییە:

١ -دەرچوواندنی پەیڕەو بە یاسا: هەندێک لە ولاتان بە یاسا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەردەچووێنن ، لەنموونەی ئەو ولاتانەش، میسر کە لە دەستووری ساڵی (٢٠١٤)یدا لەماددەی ١١٨ ئاماژە بەوە دەکات کە پەیڕەوی ئەنجومەنی نوێنەرانی میسر بەیاسا دەردەچووێندرێت[١]. هەروەها بەحرەین بەهەمانشێوە لەمیانەی ماددەی (٩٤)ی دەستوورەکەیدا ئاماژە بە دەرچوواندنی پەیڕەوی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەحرەین دەکات[٢]. قەتەریش هاوشێوەی میسرو بەحرەین هەمان ڕێچکەی گرتۆتە بەر بۆ دەرچوواندنی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی شورای ولاتەکەی کاتێک لە ماددەی ٩٧ ی دەستوورەکەی جەخت

---

(١) تنص المادة ١١٨ من دستور مصر لعام ٢٠١٤ على ان: (يضع مجلس النواب لائحته الداخلية لتنظيم العمل به، وكيفية ممارستها اختصاصه والمحافظة على النظام داخله، وتصدر بقانون).

(٢) تنص المادة ٩٤ فقرة أ من دستور البحرين عام ٢٠٠٢ على ان: ( يبين القانون نظام سير العمل في كل من مجلس الشورى ومجلس النواب ولجانهما، وأصول المناقشة والتصويت والسؤال والاستجواب وسائر الصلاحيات المنصوص عليها في الدستور، وكذلك الجزاءات التي تترتب على مخالفة العضو للنظام أو تخلفه عن جلسات المجلس أو اللجان بدون عذر مقبول).

لەوە دەکــاتەوە کە بەیاســا دەردەچوێنــدرێت[1]. هەرچــی ســەبارەت بە کوەیتیشــە هەرچەنــدە لە مــاددەی ١١٧ی دەستوورەکەیدا تەنها جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەنجومەنی ئوممە پەیڕەوێک بۆ خۆی دادەنێت، کەچی ئەنجومەنی ئوممە پەیڕەوەکەی لەڕێگەی یاسایەکەوە دەرچوواندووە ئەویش یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی (١٩٦٣)یە[2]. لەیەمەنیش بەهەمان شێوە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی وڵاتەکە بەیاســا دەردەچووێنــدرێت هەروەک لە مــاددەی (٦٦)ی دەستووری ساڵی (٢٠٠٣) دا ئاماژەی بۆ کراوە[3]. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە هەرچەندە لە شێوازی دەرچوواندنی پەیڕەو بە یاسا، بە جۆرێک لە جۆرەکــان دەســەڵاتی جێبەجێکــردن ڕۆڵێکیــان دەبێت لە دەرچووانــدنی پەیــڕەوەکە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە پەرلەمــان ســەربەخۆیی خۆی لە دەست دەدات لە دانانی پەیڕەوی ناوخۆی تایبەت بەخۆی، چونکە لە هەر یەک لەو نموونــانەی ئاماژەمــان پێکــردن، یاســادانەر مــافی ئەوەی نەداوە بە دەســەڵاتی جێبەجێکــردن کە دەســت وەربــداتە نــاوەرۆکی پەیــڕەوەکە، تەنــانەت مــافی گرتنــی پەڵــپ و گێڕانەوەی پەیڕەوەکەشی پێ نەداون بۆ پەرلەمان، بۆیە

(١) تنص المادة ٩٧ من دستور قطر عام ٢٠٠٤ على ان: (يضع مجلس الشورى لائحته الداخلية ..............، وتصدر اللائحة بقانون.).

(٢) ظاهر عدنان محسن، حقوق النائب وواجباته في المجالس التمثيلية العربية، من منشورات (UNDP)، ص١٩.

(٣) تنص المادة (٦٦) من الدستور اليمني لعام ٢٠٠٣ على ان: (يضع مجلس النواب لائحته الداخلية ........، ويكون صدور اللائحة وتعديلها بقانون).

هەروەک چۆن لەدەرچوواندنی یاسایەکی ئاساییدا پرۆسەی دەرچوواندن و بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی فەرمی وڵات سپێردراوە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بە هەمان شێوەش پرۆسەی دەرچوواندن لە بابەتی پەیڕەودا پیادە دەکرێت.

٢ –دەرچوواندنی پەیڕەوی ناوخۆ لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن: ئەم شێوازە لە فەرەنسا لە سەردەمی ئیمپراتۆریدا پیادە کراوە[١].

٣ –دەرچوواندنی پەیڕەوی ناوخۆ لەلایەن پەرلەمانەوە، دوای پەسندکردنی لایەنێکی دیکە: هەندێک لە وڵاتان مافی دانانی پەیڕەویان داوە بە خودی پەرلەمان خۆی، بەڵام ئەو مافەیان کۆتوبەند کردوە بەرەزامەندی لایەنی دیکەوە، بۆیە پەیڕەو ناچێتە واری جێبەجێکردنەوە تاوەکو ئەو لایەنەی دەستوور دیاریکردوە رەزامەندی لەسەر نەدات لەم بارەیەشەوە وڵاتان دابەش بوون بۆ دوو کۆمەڵە:

أ –دەرچوونی پەیڕەوی ناوخۆ دوای رەزامەندی دەسەڵاتی جێبەجێکردن: هەندێک لە وڵاتان مافی دەرچوواندنی پەیڕەویان داوە بە پەرلەمان، بەڵام بەرکار نابێت تاوەکو دەسەڵاتی جێبێجێکردن رەزامەندی لەسەر نەدا هەروەک لە دەستووری ئیمارات ماددەی (٨٥) هاتووە[٢]. لەم شێوازەدا رەزامەندی ئەنجومەنی باڵای ئیتحادی کراوەتە

(١) السيد، محمود صبحي علي، مصدر سابق، ص٣٥٤.

(٢) تنص المادة (٨٥) من دستور الامارات لعام١٩٧١ على ان: ( يكون للمجلس أمانة عامة يرأسها أمين عام، وتحدد اللائحة الداخلية اختصاصاته، ويتولى المجلس وضع مشروع لائحته الداخلية، وتصدر بقرار من رئيس الاتحاد بناء على موافقة المجلس الأعلى للاتحاد).

مەرج واتە تەنهـا پرۆسـەی ئاسـایی دەرچوواندن نـیە، بەواتایەکیدی ئەنجومەنی ئیتیحادی مافی رەتکردنەوەی هەیە لەبارێکدا ئەگەر تێبینی لەسەر پەیڕەوەکە هەبێت.

ب- دەرچوونی پەیـڕەوی ناوخۆ دوای پەسـندکردنی دادگـای دەسـتووری: هەنـدێکی دی لەوڵاتـان سـەرەڕای بەخشـینی مـافی دانـانی پەیـڕەو بە پەرلەمـان، بەڵام جێبەجێکردنیـان وابەسـتە کـردوە بە رەزامەنـدی دادگـای دەسـتوورییەوە، نمـوونەی ئەو وڵاتـانەش کە ئەم شـێوازە پیـادە دەکەن، فەرەنسـایە کە لە مـاددەی (٦١)ی دەسـتووری سـاڵی ١٩٥٨یـدا ئامـاژەی کـردوە بەوەی کە پـێش دەرچوواندنی پەیـڕەو دەبێـت بنێردرێـت بـۆ ئەنجـومەنی دەسـتووری بە مەبەسـتی دڵنیـابوون لەوەی گونجـاوە لەگەڵ دەقەکـانی دەسـتووردا[١]. مەغـریبیش هەمـان رێچـکەی گرتـۆتە بەر کاتێـک لە مـاددەی (١٣٢) لە دەسـتووری سـاڵی ٢٠١١ ئامـاژەی بەوە کـردوە کە پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نوێنەران پێش ئەوەی دەربچووێندرێت دەبێت بنێردرێت بۆ

---

(١) تنص المادة (٦١) من دستور فرنسا لعام ١٩٥٨ على انه: (يجب عرض القوانين الأساسية قبل إصدارها ومشروعات القوانين المنصوص عليها في المادة ١١ قبل عرضها على الاستفتاء الشعبي، والقواعد الإجرائية لمجلسي البرلمان، قبل تطبيقهما، على المجلس الدستوري الذي سيفصل في مدى مطابقتها للدستور).

دادگای دەستووری[١]. بەهەمان شێوە تونس و جەزائیرو مۆریتانیاش ئەو شێوازەیان گرتووەتەبەر[٢].

٤ -دەرچوواندنی پەیڕەوی ناوخۆ بە بڕیارێکی پەرلەمانی: ئەم شێوازە سەرەڕای ئەوەی مافی دانانی پەیڕەوی بەخشیوە بە خودی پەرلەمان، مافی دەرچوواندنیشی هەر بەخشیوەتەوە پەرلەمان و هەر بۆیە بەلای یاساناسانەوە لەم شێوازەدا سەربەخۆیی دەسەڵاتی یاسادانان زۆرتر خۆی بەرجەستە دەکات، نموونەی ئەو وڵاتانەی کار بەو شێوازە دەکەن بەلجیکایە، کە لەمیانەی ماددەی (٦٠)ی دەستووری ساڵی ١٨٣١یدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پەرلەمان خۆی لە رێگەی پەیڕەوێکەوە چۆنیەتی کارەکانی رێکدەخات[٣].رۆمانیاش لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٣ لە ماددەی ٦٤ بڕگەی (أ) هەمان رێچکەی گرتۆتە بەر[٤]. عیراقیش بە هەمان شێوە لە ماددەی ٥١ لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئەنجومەنی نوێنەران کاروبارەکانی بەپێی پەیڕەوێک رێک دەخات کە

---

(١) تنص المادة (١٣٢) من دستور المغرب لعام ٢٠١١ على ان: (تحال إلى المحكمة الدستورية القوانين التنظيمية قبل إصدار الأمر بتنفيذها، والأنظمة الداخلية لكل من مجلس النواب ومجلس المستشارين قبل الشروع في تطبيقها لتبت في مطابقتها للدستور.)

(٢) المستشار د.عبدالعزيز محمد سلمان، الرقابة الدستورية على اللائحة البرلمانية، مجلة الدستورية الصادرة من المحكمة الدستورية في مصر، العدد الحادي والعشرون، السنة العاشرة، ٢٠١٢.

(٣) تنص المادة (٦٠) من دستور بلجيكا لسنة ١٨٣١ على ان: ( يحدد المجلس بناء على أنظمته الطريقة التي يمارس فيها مهامه).

(٤) تنص المادة (٦٤) من دستور رومانيا لسنة ٢٠٠٣ على ان: ( تنظيم عمل المجلس يحدد بلوائحها الخاصة).

خـۆی دەریـدەکات[1]. هەرێمـی کوردسـتانیش هەرچەنـدە خاوەنی دەستووری خۆی نیە، بەڵام ئەم بابەتەی لەمیانی یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ تـایبەت بەهەڵبژاردنـی پەرلەمانی کوردستان رێکخستوە، لەبڕگەی (٨) لە ماددەی ئەم یاسایەدا هاتووە کە پەرلەمان ئەم ئەرک و دەسەڵاتانە جێبەجێ دەکات (٨- دانانی پەیڕەوی ناوخۆو ،دیاریکردنی میلاکـات و، بڕیـاردان لەسـەر بـودجەی دامەزرانـدنی کارمەنـدەکانی). بەوردبـونەوەی لەم دەقە بۆمـان دەردەکەوێت یاسادانەر لە هەرێمی کوردستانیش دەسەڵاتی دانـان و دەرچووانـدنی پەیـڕەوی بە خشـیوە بە خـودی پەرلەمان خۆی.

(١) تنص المادة (٥١) من دستور العراق لسنة ٢٠٠٥ على ان:( يضع مجلس النواب نظاما داخليا له لتنظيم سير العمل فيه).

# تەوەری پێنجەم
# بنەمای پلەبەندی رێسا یاساییەکان

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە زانستی یاسادا قسەو باس و گفتو گۆی زۆری لەسەرکراوە، هەروەها ڕۆڵ و کاریگەری زۆری هەیە لەسەرئەو بابەتەی ئێمە هەڵمانبژاردوە بۆ ئەنجامدانی تویژینەوە لە سەری، بریتیە لە بنەمای پلەبەندی ریسا یاساییەکان.بۆ رونکردنەوەی ئەو بابەتە، هەوڵدەدەین لە میانەی سێ تەوەرە تیشکی پێویستی بخەینەسەر:

## ١ -هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بنەمایە:

لە سەردەمی ئەورۆماندا بەهۆی ئاڵۆزبونی ژیانی کۆمەڵگاکان لە هەر وڵاتێکدا، رۆژانە لە ریگەی چەندین دامەزراوەوە ریسای یاسایی دەردەچوێندریت، بەمەبەستی ریکخستنی هەمەلایەنەی ژیانی مرۆڤەکان ، بۆ ئەوەی ئەو ریسا یاساییانە تێکگیر نەبن و پشێوی یاسایی دروست نەبێت، زاناو شارەزایانی بواری سیاسەت و یاسا هەولی زۆریان داوە تا ریگە لەو پشێویە بگرن ، یەکێک لەو زانایانەی کە تاراددەیەکی زۆر سەرکەوتوبوە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم بابەتە ،زانای نەمساوی (هانز کلسن) ە، کلسن توانی لە ریگەی داهێنانی بیرۆکەی پلەبەندی ریسا یاساییەکان، چارەسەرێکی گونجاو و زانستی بدۆزێتەوە بۆ ئەم گرفتە ، ئەو پێی وابوو کە ریسا یاساییەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەدایک دەبن و، پەیکەری یاسایی لە چەند چینێکی پلە جیاواز پێک دێت، دەستوریش لەسەروی ئەو پەیکەرەوەیە ، بەلای کلسنەوە دەستور ئەو کۆمەڵە ریسایەیە کە چۆنیەتی دروست بوونی یاسا ئاساییەکان

دیـاری دەكـات،لەو سـۆنگەیەوە، بەلای قوتابخـانەی كلسـنەوە دوو پێوەر لە بابەتی پلەبەندی ڕێسا یاساییەكان ڕۆڵی گەورە دەبینن[1]:

أ - ئەو لایەن و دامەزراوانەی كە بۆیـان هەیە لە نـاو دەوڵەتـدا ڕێسـای یاسـایی دەربكەن، ئەمەش بە شـێوەیەكی گشـتی لە دەسـتوردا دیـاری دەكرێـت ، لەو وڵاتـانەی كە خـاوەنی دەسـتورن، دەسـتور هەم دەسـەڵاتی دەرچوانـدنی ڕێسـا یاسـاییەكان سـنوردار دەكـات، هەم لە ڕوی تایبەتمەنـدی دامەزراوەكـانیش، جۆرێـك لە پـۆلێن و پـلە بەنـدیان بـۆ دەكات.

ب -شـێواز و ڕێككـارو هەنگاوەكـانی دەرچوانـدنی ئەو ڕێسـا یاسـاییانە ،ئەمـیش بە هەمـان شـێوە لەلایەن دەسـتورەوە دیـاری دەكرێـت ، هەربـۆیە بەلای قوتابخـانەی كلسـنەوە یەكێك لە هۆكارەكانی بـاڵاتر بـونی خودی دەستور بۆ ئەو ڕێككـارە ئـاڵۆزو فـرە هەنگـاوانە دەگەڕێـتەوە كە بـۆ دەرچواندنی دەسـتورێك دەگیـرێتەبەر[2]. لەبەرەنجامی ئەو لێكدانەوەیە، كلسـن پێـی وابـوو كە پەیوەنـدی نێـوان ڕێسـا یاسـاییەكان پەیوەنـدی پاشـكۆیەتی و ژێربـاربونە، بەو مانایەی ڕێسای خوارەوە ژێربـاری ڕێسـای سـەروی خـۆی دەبێت.

---

([1])الـدكتور التميمـي صـالح عيـدان، التشـريع و طغيـان السـلطة، دراسـة تحليليـة مقارنـة فـي الانظمـة الدسـتورية فـي العـراق ومصـر وفرنسـا و انجلتـرا والمانيـا، منشـاءة المعارف،ألاسكندرية ، ط١، ٢٠١٩، ص٥٦٧.

([2])أحسـن رابحـي، مبـدء تـدرج المعـايير القانونيـة فـي النظـام القـانوني الجزائـري ، اطروحـة دكتوراه، جامعة جزائر – معهد الحقوق والعلوم الادارية (بن عكنون)، ٢٠٠٦، ص .

### ٢ جۆرەکانی بنەمای پلەبەندی یاسایی :

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێوەرانەی کە کلسن ئاماژەی بۆ کردون لە روی پلە بەندی و پۆڵێنکردنی ریسا یاساییەکان دەتوانین دوو جۆرو شێوازی پلەبەندی ریسا یاساییەکان دیاری بکەین[١]:

أ - پلەبەندی رواڵەتی ریسا یاساییەکان:

لەم شێوازەدا پلەبەندی دەسەڵاتەکان و رێککارەکانی دەرچواندن، کاریگەریان دەبێت لەسەر پلەبەندی ریسا یاساییەکان، بەجۆرێک ئەو ریسا یاساییانەی لە دەسەڵاتێکی بالاترەوە دەربچێت، لە پلەبەندیدشدا بالاتر دەبێت لەریسا یاساییەکانی دیکە، لەوکاتانەشی دوو ریسای یاسایی جیاواز لەلایەن هەمان دەسەڵاتەوە دەرچوێنرابن، ئەوکاتە ئەوەیان بالاترە کە رێوشوێن و رێککاری دەرچواندنی توندتر و قورستر بێت لەوی دیکەیان.

ب -پلەبەندی هێزی پابەندیەتی ریسا یاساییەکان:

ئەم شێوازی پلەبەندییە راستوخۆ پەیوەندی بە هێزیی پابەندی یاسایی ریسا یاساییەکانەوە هەیە ، بۆ نمونە کاتێک دەستور رێگە دەدات بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەندێک مەراسیم دەربکات لە هەندێک باری دیاریکراودا و هەمان هێزی یاساییشی پێ دەبەخشێت، ئیدی لێرەوە دێتە هەمان ئاستی یاسای ئاسایی کە لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت، ئەگەرچی بە پێی پلەبەندی رواڵەتی بێت ، هەمیشە ئەو ریسا یاسایانەی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەچن لە پلە بەندی خوارتردان بەراورد بەو ریسا یاساییانەی کە لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچن.

---

(١)نويري محمد، الكتلة الدستورية بالمغرب:مقاربة دستورية-قضائية،نوفمبر ٢٠١١، موقع ، marocdroit.com .

### ٣ لێکەوتەی یاسایی ئەو بنەمایە:

یەکێک لە لێکەوتەو بەرەنجامە گرنگەکانی بنەمای پلەبەندی ڕێسا یاساییەکان، لە دایک بونی بنەمای (مەشروعیەتە)، مەشروعیەتیش هەروەک دکتور ماجد راغب حلو پێناسەی دەکات، بریتیە لە (سەروەربونی یاساو پابەندی حوکمەکانی و بەرکاربونیەتی دەرهەق بە هەریەکە لە فەرمانڕەواو فەرمانڕەواییکراواندا)[١]. لەبەرەنجامی هەموو ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد دەتوانین بڵێین بنەمای پلەبەندی ڕێسا یاساییەکان بریتیە لەوەی کە هەندێک لە ڕێسا یاساییەکان هێزی پابەندیان باڵاترە لە هەندێک ڕێسای یاسایی دیکە ئەوەش دەسەڵاتداران لە دامەزراوەکانی دەوڵەت، ناچار بەوە دەکات کە لە کاتی دەرچواندنی ڕێسایەکی یاسایی، ڕەچاوی ڕێسا یاساییەکانی دیکە بکات کە باڵاترن لە روی هێزی پابەندی یاساییەوە ، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە هەرگیز ناکرێت ڕێسایەکی یاسایی باڵا هەموار یان پوچەڵ بکرێتەوە لەلایەن ڕێسایەکی یاسایی خوارتر لە خۆی، وە هەرکاتێک دژ یەکی و تێکگیربوون روبدات لە نێوانیان هەمیشە تای تەرازو بەلای ڕێسا یاساییە باڵاکەدایە.

---

(١)الدكتور التميمي صالح عيدان، المصدر نفسه، ص٥٦٥.

# تەوەری شەشەم

# بەهای یاسایی پەیڕەوی ناوخۆ

سـەبارەت بە بەهـای یاسـایی پەیـڕەوی نـاوخۆ، گەڵێک بۆچـوونی جیـاواز هەن، ئـاخۆ پـێگەو بەهـاکەی لەکـوێی پلەبەنـدی یاسـایی ناسراوو باوە لە وڵاتان، ئایا لە ئاستی دەستووردایە یان یاسـا یـان لە پلەی سێیەمدا دێت لەو پلەبەندییەدا، لە هەمـان کاتدا ئەزمـوونی وڵاتـانیش هاوشـێوەی یەکنـین لەدیـاریکردنی پلەبەنـدی پەیـڕەوی ناوخۆدا، جا بۆ ئەوەی وردتـر شـیکردنەوەی ئەم بـابەتە بکەیـن ئەم تەوەرە دابەش دەکەین بۆ سێ بەشـی سـەرەکی، لە بەشـی یەکەمـدا ئامـاژە بـۆ ئەو وڵاتـانە دەکەیـن کە لەرێـگەی دەقێکـی یاسـایی یـان بڕیـــارێکی دادوەرییەوە پلەبەنـــدییەکەیان یەکلاکـــردۆتەوە، بەشـــی دووەم  تەرخان دەکەیـن بـۆ تـاوتوێکردنی ئەزمـوونی ئەو وڵاتـانەی کە بە دەقـــی یاســـایی ئەم بابەتەیـــان یەکلایـــی نەکـــردووەتەوەو دەرگایـــان لەبەردەم فیقهـــی یاســـاییدا واڵا کـــردوە تـــا لەرێـــگەی تـوێژینەوەی زانسـتی و رای شـارەزایانی بـواری یاسـاوە پلەبەنـدی پەیڕەوی ناوخۆ دیـاری بکرێت. بەشـی سـێیەمیش تەرخـان دەکەیـن بۆ هەڵسەنگاندنی پێگەی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان لە پلەبەنـدی یاساکاندا لە هەرێمی کوردستان:

**١ -دیاریکردنی پلەبەندی پەیڕەوی ناوخۆ بە دەقێکی یاسایی:**

هەندێک لەوڵاتان لەرێگەی دەقێکی یاساییەوە بـابەتی پلەبەندی پەیڕەوی ناوخۆیـان یەکلاکردۆتەوە بەمەش رێگەیـان لەبەردەم ئەو مشـتومڕە یاسـاییە داخسـتووە کە لەنێوان شـارەزایان و پسـپۆرانی بـــواری یاســـادا لەو بـــارەیەوە هەیە، هێنـــدەی ئـــێمە لەمیـــانی ئەو

تــویژینەوەیە بەرچاومـــان کەوت ئەوانـــیش دابەشـــبوون بـــۆ دوو کۆمەڵە، کۆمەڵەیەکیان پەیڕەوی ناخۆیـان لەئاسـتی یاسـای ئاسـایی (القانون العادي) داناوە، هەندێکیشیان لەپلەیەک خوار ئاستی یاسای ئاساییان داناوە.

**أ – دانانی پەیڕەو لەپلەبەندی یاسای ئاسایی:**

هەندێک لەوڵاتان لەرێگەی دەقی یاساییەوە پلەبەندییان بۆ پەیڕەوی نـــاوخۆ دیـــاریکردووە، نمـــوونەی میســـر کە پەیـــڕەوی نـــاوخۆی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی سـاڵی ٢٠١٦ لەرێـگەی یاسـای ژمـارە (١) سـاڵی (٢٠١٦) دەرچووێنـدراوە، لەمـاددەی یەکەمـی ئەم یاسـایەدا هـاتووە (يعمـل باحكـام اللائحـة الداخليـة لمجلـس النـواب المرافقـة، ويلغى كل حكم يخالف احكامها)[1]. سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێن هەر بە تەنهـا دەرچووانـدنی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نـوێنەران بەیاسـایەک پێـدانی هێـزی یاسـای ئاسـاییە بە پەیـڕەوەکە، پاشـان جـارێکی دی یاسـادانەر هـاتووە لەرێـگەی مـاددەی یەکەم جەختـی کردووەتەوە لەسەر بوونی هێزی یاسای ئاسایی، کاتێک ئاماژەی بەوە کـــردووە کە هەر حوکمێـــک پـــێچەوانەی حوکمەکـــانی ئەم پەیـڕەوە بێت هەڵدەوەشێتەوەو کـاری پێ ناکرێت، بۆیە دەتوانین راشـــکاوانە بڵێـــین یاســـادانەری میســـری لە دوای دەرچووانـــدنی دەسـتووری سـاڵی (٢٠١٤)ەو، بە تـایبەتیش لە دوای دەرچووانـدنی ئەم یاســـایەوە، بـــوارێکی بـــۆ مشـــتومڕی یاســـایی نەهێشـــتۆتەوە سـەبارەت بە پلە بەنـدی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی میسری.

---

(١) الجريدة الرسمية المصرية،العدد (١٤) مكرر (ب) في ١٣ ابريل، سنة ٢٠١٦.

ئەزموونی یەمەنیش هاوشێوەی میسرە بە هەندێک جیاوازی کەمەوە، یاسادانەر لەیەمەن بە هەمانشێوە لە ڕێگەی یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٣)ەوە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی یەمەنی دەرچوواندوە، کاتێک لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە (يعمل باحكام اللائحة الداخلية لمجلس النواب المرافقة لهذا القانون)، ئەمەش هەروەک ئاماژەمان پێدا لە پێشوودا، پێدانی پلەبەندی یاسای ئاساییە بەپەیڕەوەکە، سەرەڕای ئەوەش لە ماددەی (٢٣٢)ی خودی پەیڕەوەکە یاسادانەر جارێکی دی جەختی لەو پلەبەندییە یاساییە کردووەتەوە کاتێک ئاماژەی بەوە کردوە کە : (تلغى احكام اللائحة الداخلية لمجلس النواب الصادرة بالقانون رقم (٤٣) لسنة ١٩٩٧ وتعديله، وأي نص أو حكم يتعارض مع احكام هذه اللائحة). بەوردبوونەوە لەدەقی ئەو ماددەیە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەر ئاماژەی بەوە کردووە کە هەر حکومێک پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە بێت هەڵدەوەشێتەوە جا لەپەیڕەوی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران بێت، یان لەهەر دەقێکی یاسایی دیکەدا هاتبێت.

ئەزموونی کوەیتیش نزیکە لە ئەزموونی میسرو یەمەن بەهەندێک جیاوازییەوە، ئەگەرچی لەدەستووری کوەیتی ئاماژە بۆ ئەوە نەکراوە کە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی ئوممە بە یاسا دەردەچووێندرێت، کەچی ئەنجومەنەکە خۆی ئەم پەیڕەوەی بە یاسا دەرچوواندوە، ئەوەتا پەیڕەوەکە بە یاسای ژمارە (١٢) بۆ ساڵی ١٩٦٣، کە لەبەرواری ١٥ ئایاری ساڵی ١٩٦٣ لەلایەن میر عەبدوڵڵا سالم ئەلسباح میری کوەیت واژوکراوە دەرچووێندراوە، لەوەش گرنگتر لەدیباجەی یاساکەدا هاتووە (نحن عبدالله السالم

الصباح أمير دولة الكويت
بعد الإطلاع على الدستور نوافق مجلس الأمة على القانون الآتي نصه، وقد صدقنا عليه وأصدرناه)[1]. ئەگەر سەیری دیباجەی یاساکە بکەین راستەوخۆ لە جیاتی وشەی پەیڕەو دەستەواژەی یاسای بەکارهێناوەو ئاماژە بەوە دەکات دوای پەسندکردنی ئەم یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی ئوممەوە ئێمەش دەرمانچوواند، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە یاسادانەری کوەیتی هەمان هێزی یاسای ئاسایی بەخشیوەتە پەیڕەوی ناوخۆو لە پلەبەندیشدا هاوشێوەی یاسای ئاسایی مامەڵەی لەگەڵدا کردووە.

یاسادانەری قەتەریش بە هەمان شێوە لە ماددەی (٩٧)ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٤ دا ئاماژەی بەوە کردوە کە (يضع مجلس الشورى لائحته الداخلية متضمنة النظام الداخلي .........،وتصدر اللائحة بقانون)، هەروەها لائیحەی ئەنجومەنی شوراکەی بەپێی یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٧٩ دەرچووێندراوە، لەوەش زیاتر لەماددەی (١١٨)ی یاساکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە بۆ ئەوەی هەر هەموارێک لەپەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی شورا بەرکار بێت، دەبێت بە یاسایەک دەربچووێندرێت[2].

سەبارەت بە ئەزموونی بەحرەینیش ئەوا هەر لەماددەی (٩٤)ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٢ راستەوخۆ وشەی یاسای لە

---

(١) موقع مجلس الامة الكويتي،http://www.kna.kw/clt-html٥run.asp?id=٢٠٢٥/.

(٢) تنص المادة (١١٨) من قانون رقم (٦) لسنة ١٩٧٩ على انه (يجوز لمجلس الشورى التوصية بتعديل أحكام هذه اللائحة، بناء على اقتراح مقدم من أغلبية أعضائه، ويحيل المجلس هذا الاقتراح إلى اللجنة المختصة لبحثه وتقديم تقرير عنه، ثم يعرض على المجلس لمناقشته والتصويت عليه، ويسقط الاقتراح إذا لم يفز بأغلبية ثلثي الأعضاء، ويلزم لنفاذ التعديل أن يصدر به قانون).

جیاتی پەیڕەوی ناوخۆ بەکار هێناوە کاتێک دەڵێت (یبین القانون نظام سیر العمل في كـــــــــــل من مجلس الشورى ومجلس النواب ولجانهمـــا، وأصـــول المناقشة والتصويـــت والسؤال والاستجواب وسائر الصلاحيات المنصوص عليها في الدستور، وكذلك الجزاءات التي تترتب على مخالفة العضو للنظام أو تخلفه عن جلسات المجلس أو اللجان بدون عذر مقبول). لەو سۆنگەیەوە پەیڕەوی ناوخۆ بە یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ٢٠٠٢ دەرچووێندراوە، هەر لەدیباجەی یاساکەدا هاتوە (نحن حمد بن عيسى آل خليفة ملك مملكة البحرين....... رسمنا بالقانون الآتي) هەروەها لە ماددەی (١٩١)ی هەمان یاسادا هاتوە (يعمل بهذا القانون اعتبارا من اليوم التالي لتاريخ نشره في الجريدة الرسمية)[١].

هەرچی سەبارەت بە ئەزموونی سوریایە لەبارەی پلەبەندی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی گەل، ئەوا جیاوازتر لە ئەزموونی میسر و یەمەن لەرێگەی دەقێکی راشکاوانەتر ئەو مشتومڕەی کۆتایی پێهێناوە کاتێک لە ماددەی (١٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی (٢٠١٧) ی ئەنجومەنی گەل ئاماژەی بەوە کردووە کە: (للنظـام الداخلي للمجلس قوة القانون، ولا يجوز تعديله الا وفقا للاحكام المذكورة فيه). ئەمەش راشکاوترین دەقە کە ئێمە بینیبێتمان ئاماژە بەوە بکات پەیڕەوی ناوخۆ هەمان هێزی یاسای ئاسایی هەیە. سەرەرای ئەوە لە بڕیاری دەرچوواندنی پەیڕەوەکەش کە بڕیاڕی ژمارە (١٣)یە بۆ ساڵی (٢٠١٧) لەلایەن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی گەلەوە واژو کراوە، لە ماددەی دووەمیدا جارێکی دی جەختی لەوە کردۆتەوە کە: (تلغى كافة الاحكام المخالفة لمضمون

---

(١) الجريدة الرسمية لمملكة البحرين – العدد ٢٥٥٤ – الأربعاء ٣٠ أكتوبر ٢٠٠٢م.

هـــذا النظـــام)، لەم دەقەشـــدا کە بە شـــێوەیەکی رەهـــا ئامـــاژە بـــۆ هەڵوەشـانەوەی هەر حوکمێک دەکـات کە پـێچەوانەی حوکمەکـانی پەیـڕەوەکە بێـت و ئیـدی هـیچ بـوارێکی بـۆ مشـتومڕی فیقهـی نەهێشتۆتەوە.

سـەبارەت بە لوبنـانیش ئەگەرچـی پەیـڕەوەکە لەلایەن خـودی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی لوبنانەوە دەرچوویێندراوە، بەڵام لە رێـگەی مـاددەی (١٤٦) لە پەیـڕەوی نـاوخۆکەوە ئامـاژەی بـۆ ئەوە کردوە کە (تلغى جميع الاحكام المخالفة لهذا النظام ويعتبر نافذا فور التصـديق عليـه). بۆمـان دەردەکەوێـت کە یاسـادانەری لوبنـانی بەشـێوەیەکی رەهـا هەر حـوکمێکی پـێچەوانەی حوکمەکـانی ئەم پەیـڕەوەی بەهەڵوەشـاوە لەقەڵەمـداوە، جـا لەهەر دەقێکـی یاسـاییدا هاتبێت، بەمەش جەختی لەسەر پلەبەندی یاسایی پەیڕەوی نـاوخۆ کردۆتەوە کە لە پلەی یاسای ئاساییدایە. هەر ئەمەش وای کـردووە کە وەزارەتـــی دادی لوبنـــانیش دان بنێـــت بەوەی کە پەیـــڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نـوێنەران هەمـان هێزی یاسـای ئاسـایی هەیە، بەپشتبەســـتن بەوەی کاتێـــک یاســـادانەر پەیـــڕەوی نـــاوخۆی دەرچووانـدوە، هەمـان رێککارەکارەکـانی دەرچوانـدنی یاسـایەکی ئاسایی گرتۆتەبەر[1].

هەرچـــی ســـەبارەت بە ئەزمـــوونی عیراقیشـــە ئەوا تۆزێـــک جیاوازترە لەو ئەزموونانەی پێشـوو، چـونکە لەرێگەی راڤەی دەقی مـاددەی (١٥٠)ی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی سـاڵی (٢٠٠٥) دەگەیـــنە ئەو راســـتییەی بەهەمـــان شـــێوە، یاســـادانەری

(١) المـدور رشـيد،مراقبة دسـتورية الانظمـة الداخليـة للبرلمـان فـي المغـرب مقاربـة فـي الخصائص والمنهج ،مطبعة طوب بريس–الرباط ، ط١ ،٢٠٠٨،ص١٤.

عیراقییش پلەبەندی یاسای ئاسایی داوەتە پەیڕەوی ناوخۆ کاتێک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: (يعاد النظر بهذا النظام وتغير المواد التي تتعارض مع الدستور بعد اجراء التعديلات والمصادقة عليها). ئەمەش پێمان دەڵێت کە دەقی ئەو پەیڕەوە تەنها لە خوار دەستوورەوەیە بۆیە لە کاتی ناکۆکبوونی لەگەڵیدا دەبێت حوکمەکانی پەیڕەوەکە بگۆردرێن، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە ئاساییە حوکمەکانی پەیڕەوەکە ناکۆک بن لەگەڵ حوکمی یاسایەکی ئاسایی و لەوکاتەدا لەپێشینەیی بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی پەیڕەوەکەیە نەک یاسا ئاساییەکە، لێرەشەوە دەگەینە ئەو راستییەی کە یاسادانەری عیراقیش بەهەمان شێوە هێزی یاسای ئاسایی بەخشیوەتە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران.

هەرچی سەبارەت بە یاسادانەری مەغریبیشە ئەویش بە هەمان شێوە لە ماددەی (٦٩) لە دەستووری ساڵی ٢٠١١ ئاماژەی کردووە بەوەی کە (يضع كل من المجلسين نظامه الداخلي ويقره بالتصويت، إلا أنه لا يجوز العمل به إلا بعد أن تصرح المحكمة الدستورية بمطابقته لأحكام هذا الدستور). بە وردبوونەوە لەدەقی ماددەی (٦٩) ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە دوای دەرچوواندنی پەیڕەو لە پەرلەمان راستەوخۆ دەبێت بینێردرێت بۆ دادگای دەستووری تا موتابەقەی دەستووری بۆ بکات پێش ئەوەی بەرکار بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کە پەیڕەو نابێت پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوور بێت و لێرەدا تەنها ئاماژەی بە دەستوور کردووە، بۆیە دەکرێت بڵێین یاسادانەری مەغریبیش بە هەمان شێوە لە پلەبەندیدا هەمان هێزی یاسای ئاسایی داوەتە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

یاسادانەری تونسیش هەمان ڕێچکەی گرتۆتەبەر کاتێک لە ماددەی (١٢٠) لە دەستووری ساڵی ٢٠١٤ دا دەڵێت (تختص المحكمة الدستورية دون سواهما بمراقبة دستورية: ........، النظام الداخلي لمجلس نواب الشعب الذي يعرضه عليها رئيس المجلس).

بە هەمان شێوە یاسادانەری جەزائیریش هەمان ڕێچکەی گرتۆتەبەر کاتێک لە ماددەی (١٨٦) لە دەستووری ساڵی ٢٠١٦ دا دەڵێت (كما يفصل المجلس الدستوري في مطابقة النظام الداخلي لكل من غرفتي البرلمان للدستور، حسب الاجراءات المذكورة في الفقرة السابقة). ئەم دەقەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە یاسادانەری جەزائیری دەسەڵاتی یەکلاییکردنەوەی دەستووری بوونی بڕگەو ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی داوەتە ئەنجومەنی دەستووری. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستووری ساڵی ١٩٦٣ی جەزائیر ئەوا ڕۆشنتر پلەبەندییەکەی دیاریکردوە کاتێک لە ماددەی (٣٥) دا دەڵێت (يحدد المجلس الوطني في قانونه الداخلي قواعد تنظيمه و تسييره). لە دەقی ئەم ماددەیە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەر لە جیاتی دەستەواژەی (پەیڕەوی ناوخۆ) دەستەواژەی (یاسای ناوخۆی) بەکارهێناوە[1].

لە فەرەنساش یاسادانەر هەمان ڕێچکەی گرتۆتە بەرو لە میانەی ماددەی (٦١) لەدەستووری ساڵی ١٩٥٨ دا بەمشێوەیە ئاماژەی پێکردوە: (يجب عرض القوانين الأساسية قبل إصداره، واقتراحات القوانين المنصوص عليها في المادة (١١) قبل عرضها على الاستفتاء، والنظام الأساسي لمجلسي البرلمان قبل تطبيقها، على المجلس الدستوري الذي يفصل في مدى مطابقتها للدستور).

---

(١) لصلج نوال، مكانة عضو البرلمان في الدساتير العربية دراسة مقارنة: الجزائر، تونس، مصر، اطروحة لنيل شهادة الدكتوراه، جامعة الحاج لخضر-باتنة، ٢٠١٥-٢٠١٦، ص٢٨-٢٩.

### ب -دانانی پەیڕەوی ناوخۆ لە پلەبەندی خوار یاسای ئاسایی:

لەراستیدا تەنها نموونەیەک کە ئێمە بەرچاومان کەوتبێت لەکاتی نووسینی ئەم تویژینەوەیەداو بە دەقێکی یاسایی ئاماژەی بەوە کردبێت کە پەیڕەو پلەبەندی لە خوار یاسای ئاساییدایە، ئەوە یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٩٥ی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقیە، ئەو یاسایە هەروەک لە بەروارەکەیدا دیارە کە هی سەردەمی رژێمی پێشووی عیراقە، ئەم یاسایە لە لەبری یاسای ژمارە (٥٥)ی ساڵی ١٩٨٠ بەرکار بووە، لەبڕگەی دووەمی ماددەی (٩٠)ی یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٩٥دا هاتووە: (يبقى النظام الداخلي الصادر بموجب قانون المجلس الوطني ذي الرقم (٥٥) لسنة ١٩٨٠ نافذا، بما لايتعارض واحكام هذا القانون، الى حين اصدار نظام داخلي جديد منسجم مع هذا القانون). بە وردبوونەوە لەدەقی ئەو بڕگەیە بۆمان دەردەکەوێت کە یاسادانەری ئەوسای عیراق بە روونی ئاماژە بەوە دەکات کە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی ساڵی ١٩٨٠ی عیراق لە پلەبەندیدا لە خوار یاسای ئاساییەوەیە، کاتێک دەڵێت نابێت پەیڕەوەکە دژیەک و ناکۆک بێت لە گەڵ یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٩٥، تەنانەت لە کۆتایی بڕگەکەشدا جارێکی دی جەخت لەهەمان رێچکە دەکاتەوە کە دەڵێت هەتاوەکو پەیڕەوێکی تازە دادەنرێت کە بگونجێت لەگەڵ ئەم یاسایە واتە یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ١٩٩٥. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی لە هەموو بارێکدا یاسادانەری ئەوسای عیراق لە پلەبەندی یاساییدا، پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی لە خوار یاسای ئاساییەوە داناوە.

**٢ -دیاریکردنی پلەبەندی پەیڕەو لە ڕوانگەی فیقهی یاساییەوە:**
بەشـــێوەیەکی گشـــتی فیقهـــی یاســـایی هـــاوڕا نـــیە لەســـەر دیـاریکردنی پلەبەنـدی یاسـایی پەیـڕەوی نـاوخۆ، هەربـۆیە لە پێنـاوی خســتنەڕووی بۆچــوونە جیاوازەکانــدا هەوڵــدەدەین دابەشیان بکەین بۆ سەر چەند کۆمەلەیەکی سـەرەکی و بەڵگەو پاساوی هەریەک لەو کۆمەڵانەش دەخەینەڕوو:

**أ -ئەوانەی پێیـان وایە پەیـڕەوی نـاوخۆ هێـزی یاسـایی حوکمەکانی دەستووری هەیە:**
هەنـدێک لە شـارەزایان و پسـپۆڕانی بـواری یاسـا پێیـان وایە کە حوکمەکـانی پەیـڕەوی نـاوخۆ سروشـتی دەسـتووریان هەیە، لەو بـارەیەوە دکتـور (مـحەمەد تەی) دەڵێـت: (پەیـڕەوی نـاوخۆ چەنـد دەقێکە شێوازی کاری دەسـەڵاتی یاسـادانان ڕێکدەخات تـا بتوانێت ئەو ئەرکە دەستووریانە جێبەجێ بکات کە پێی سـپێردراوە، ئەمەش واتای ئەوەیە ئەرکی پەیڕەو جێبەجێکاری حوکمەکانی دەسـتوورە یان ڕاڤەکەریانە..... هەربۆیە کاری پەیڕەو پەیوەسـتە بە ماددەکانی دەســتوور و ڕاڤەکردنــی حــوکمە دەســتوورییەکان)[1]. هەر لەو ســۆنگەیەوە لە کــاتی ڕیزبەنــدکردنی ســەرچاوەکانی مــاف و یاسـاکاندا، ڕاسـتەوخۆ لەدوای دەسـتوور و لە پێشـەوەی یاسـای بنەڕەتی و یاسا ئاساییەکانەوە ڕیزبەندی کردوە.
هەر لە هەمـــان کـــۆمەڵە دکتـــور (میشـــێل دێبـــری) لە کـــاتی پاسـاوهێنانەوەی بـۆ دەسـتوەردانی حکـومەت لە دانـانی پەیـڕەوی

(١) طـي د.محمـد، القـانون الدسـتوري والمؤسسـات السياسـية، منشـورات زيـن الحقوقيـة ،بيروت، ط٨، ٢٠١٣، ص٣٣.

نــاوخۆی ئەنجــومەنی نــوێنەرانی فەرەنســادا دەڵێــت: (هەرچــی پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتەوە ئەوە سروشتی دەستووری هەیە، بەو پێیەی کە پەیڕەو بەشێکی ئەم پەیوەندییە ڕێکدەخات ئەوا تایبەتمەندی سروشتی دەستووری حوکمەکانی پەیڕەو زۆر بە ڕوونی دەردەکەون)[١].

هەندێکی دی لە هەمان کۆمەڵە پێیان وایە کە خاڵیبوونی دەستوور لە تاوتوێکردنی کاروبارە ناوخۆییەکانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بوار برەخسێنێت تا لەلەلایەن پەیڕەوەوە ڕێکبخرێت، بەمەش پەیڕەوی ناوخۆ بەشێک لەو ئەرکە رادەپەڕێنێت کە لە بنەڕەتدا هی دەستوورە، بۆیە ئەوان پێیان وایە کاتێک توێژینەوە لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ دەکرێت، دەبێت لەچوارچێوەی ڕێسا دەستوورییە نووسراوەکاندا توێژینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێت، لەوەش زیاتر ئەوان پێیان وایە هەندێک لەحوکمە دەستوورییەکان لەبنەڕەتدا لەپەیڕەوی ناوخۆدا بوونیان هەبووە، دواتر گوێزراونەتەوە بۆ ناو دەقی دەستوور، بە نموونە ڕێساکانی تایبەت بە دەنگدانی کەسی و هەروەها بەرنامەی کاری پەرلەمان کە ئێستا لە دەستووری فەرەنسیدا بوونیان هەیە، لە سەردەمی کۆماری سێیەمدا ئەو ڕێسایانە لە نێو پەیڕەوی ناوخۆدا بوون، بەو مانایەی دواتر گوێزراونەتەوە بۆ نێو دەقی دەستووری، پاساوێکی دیکەشیان ئەوەیە کە پەیڕەوی ناوخۆ ئاوێنەی هاوسەنگییە سیاسییەکان وبیری دەستوورییە و پەیوەندی کارەکتەرە سیاسییە کاراکانی نێو پەرلەمان لەمیانەی ئەودا ڕێکدەخرێن، بەڕای ئەوان

(١) لبنى، محامدية، الرقابة الدستورية على الانظمة الداخلية للبرلمان، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف، مغرب —المسيلة ،٢٠١٥، ص١٠.

ئەو هۆکـــارانە بەســـــن بـــۆ ئەوەی دان بنێـــین بە سروشـــتی دەستووریانەی حوکمەکانی پەیڕەوی نـاوخۆ[1]. هەر لەچوارچێوەی هەمـان کۆمەڵەدا دکتـۆرە مونـا یوحەنـا یـاقۆ لەتوێژینەوەیەکیـدا بە نـاوی (القواعـد الاجرائيـة المنظمـة لعمـل عضـو البرلمـان)دا دەڵێـت، ســەبارەت بەپلەبەنـدی پەیـڕەوی نـاوخۆ دەبێـت جیـاوازی بکەیـن لەنێــوانی ئەو لاتـــانەی کە دەســـتوورەکەیان (جامـــد)ە لەگەڵ ئەو لاتانەی کە دەستوورەکەیان (مرن)ە، ئەو پێی وایە لەو ولاتـانەی کە دەســـتوورەکەیان (مـــرن)ە ئەوا پەیـــڕەوی نـــاوخۆ لە پـــلەی دەستووردایە، بەڵام ئەگەر دەستوورەکە (جامد) بێت ئەوا لەهەندێک ولاتدا لەریزی یاسا بنەڕەتییەکاندا دانراوە واتە لە خـوار دەسـتوور و لە سەرووی یاسای ئاسایی، لە هەندێکی دیکەیان لە پلەی یاسـای ئاسایی دانراوە[2].

**ب -ئەوانەی پێیـان وایە پەیـڕەوی نـاوخۆ لەخـوار دەسـتوور و لەسەرووی یاسای ئاساییەوەیە:**

هەندێک لە شارەزایانی بواری یاسا پێیان وایە بە هـۆی ئەو بابەتانەی کە پەیڕەوی نـاوخۆ رێکیـان دەخـات لە پلەبەندیدا لەخـوار دەسـتوورەوەن و لەسـەرووی یاسـای ئاساییەوەن. سـەرەڕای ئەوەش لەدەسـتووری هەنـدێک ولاتـدا بە نمـوونە مەغریب ماددەکانی (٦٩)، (١٣٢) لەدەستووری سـاڵی ٢٠٠١، هاوشـــان لەگەڵ یاســـا ئەنـــدامییەکان (القـــوانين العضـــوية)

(١) الشمري اسماعيل فاضل، الطبيعة القانونية لقرارات مجلس النواب العراقي دراسة مقارنة، رسالة دكتوراه (غير منشورة) كلية الحقوق جامعة النهرين، ٢٠١٥ ٢٠١٥ ، ص١٥-١٦ .

(٢) يـاقو، د منـى يوحنـا – افـين خالـد عبـدالرحمن، القواعـد الجرائيـة المنظمـة لعمـل عضـو البرلمان، بحث منشور في مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة (٢) المجلد (٢) العدد(٣) الجزء الاول، اذار ٢٠١٨، ص٦٧.

چاودێری وجوبی دەستووریان بۆ دەکرێت واتا چاودێری پێشوەختە، لە کاتێکدا یاسای ئاسایی چاودێری پاشوەختەی بۆ دەکرێت ئەویش تەنها لەو کاتانەی جێبەجێکردنی یاساکە گرفتێک دروست بکات[1]. بە هەمان شێوە لە خاڵی پێشوودا ئاماژەمـــان پێکـــرد کە (د. مـــحەمەد تەی) لەریزبەنـــدی سەرچاوەکانی ماف و یاسادا پەیڕەوی لەدوای دەستوور و لە پێشـەوەی یاسـا ئاسـاییەکانەوە دانـاوە، هەروەهـا دکتـور (مونا یاقۆش) ئاماژە بەوە دەکات لە هەندێک لەو وڵاتـانەی کە دەســـتوورەکەیان (مـــرن)ە پەیـــڕەو هێـــزی یاســـا بنەڕەتییەکانی هەیە واتە لە خوار دەستوور و لە سـەرووی یاسـای ئاسـاییەوە. هەروەهـا پـارێزەر (حەمـدی سـوبحي) ســـەبارەت بە پلەبەنـدی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نـــوێنەرانی میســـری جەخـــت لەســـەر ئەوە دەکـــاتەوە کە راستەوخۆ لەدوای دەستوورەوە دێت، چونکە حوکمەکانی پەیـــڕەو سروشـــتی دەســـتووریان هەیەو زۆرێـــک لەو مـاددانەی پەیـڕەوی نـاوخۆ هەنـدێکجار دەسـتووری وڵاتـان رێکیان دەخەن[2].

**ث -ئەوانەی پێیـان وایە پەیـڕەوی نـاوخۆ هەمـان پلەبەنـدی یاسای ئاسایی هەیە:**

هەندێکی دی لە شارەزایانی بواری یاسا پێیان وایە پەیڕەو لە رووی پلەبەندی یاساییەوە هەمان پلەبەندی یاسای ئاسـایی هەیە لە

---

(١) نويري محمد، الكتلة الدستورية بالمغرب مقاربة دستورية-قضائية، بحث منشور في موقع marocodroit.comm ، ص٩.

(٢) المحامي صبحي حمدي، حسما للجدل حول لائحة مجلس النواب من واقع الفقه الدستوري، بحث منشور في موق اللاكتروني لجريدة الاسرار المصرية،٢٠١٥ . www. asrar-news.com|f|news|5001#

نێویاندا دکتور عادل تەباتەبائی سەبارەت بە پلەبەندی پەیڕەوی ناوخۆی کوەیت و ژێرباربوونی بۆ چاودێری دەستووری دەڵێت (هەرچەندە پەیڕەو لە رووی ئەو بابەتانەی لە خۆی گرتوون سروشتی یاسا بنەڕەتییەکانی هەیە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەر لە پلەی یاسای ئاساییدایە)، هەربۆیە یاسادانەر لە هەمواركردنەوەکانی سالانی (١٩٦٤، ١٩٧١، ١٩٨٢، ١٩٩٤، ١٩٩٨، ٢٠٠٠)دا هەمان رێککارەکارەکانی هەموارکردنی یاسای ئاسایی گرتۆتەبەر، لێرەوە تێدەگەین کە بەلای دکتور (عادل تەباتەبائییەوە) پەیڕەو لەپلەندیدا هەمان پلەی یاسای ئاسایی هەیە، دکتور (مەحمود سوبحیش) هەمان بۆچوونی هەیە[1]، هەرچی دکتور (عەبدولعەزیز محەمەد سەلمانیشە پێی وایە ئەزموونی وڵاتان چۆنیەک نین لە دیاریکردنی بەهای یاسایی پەیڕەودا، بۆیە ئەو بڕوای وایە دەبێت هەر وڵاتەو بە جیا تویژینەوەی لەسەر بکرێت و لە میانەی ئەو جیاکرنەوەیەشدا جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو وڵاتانەی کە پەیڕەوەکانیان بە یاسا دەردەچووێنن ئەوا هەمان پلەی یاسای ئاسایی وەردەگرن[2]. هەر لەچوارچێوەی هەمان کۆمەڵە دکتۆر سەلاح فەوزی راگری بەشی یاسای دەستووری لە زانکۆی مەنسورە و ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستوور لە میسر لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی (اليوم السابع)ی میسری جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیڕەوی ناوخۆی داهاتووی ئەنجومەنی

(١) السيد، محمود صبحي علي، مصدر سابق ، ص٣٨٥.

(٢) المستشار د.عبدالعزيز محمد سلمان، الرقابة الدستورية على اللائحة البرلمانية، مجلة الدستورية الصادرة من المحكمة الدستولرية في مصر، العدد الحادي والعشرون، السنة العاشرة ، ٢٠١٢.

نـوێنەران بە یاسـا دەردەچێت و لەبەرەنجـامی ئەوەشـدا مـامەڵەی یاسـایەکی ئاسـایی لەگەڵ دەکرێـت و وەک هەر یاسـایەکی دیـکە ژێربـار دەبێـت بـۆ تانەلێـدانی دەسـتووری لەبەردەم دادگـای دەستووری[١]. هەروەک لە پێشوودا ئاماژەمان پێکرد دکتۆر موناش بەهەمـان شـێوە پێـی وایە لە هەنـدێک لەو وڵاتـانەی کە دەسـتوورەکەیان (مـرن)ە پەیـڕەو هەمـان پـلەی یاسـای ئاسـایی هەیە[٢]. بەڵگەیەکـی دیکەی بەهێـز بـۆ سـەلماندنی ئەوەی پەیـڕەوی نـاوخۆ هەمـان هێزی یاسـای ئاسـایی هەیە ، ئەنجـومەنی نوێنەرانی میسـر پاڵپشـت بە مـاددەی (١٩٠) لە دەسـتووری میسـر پـرۆژەی پەیـڕەوەکەی دەنێرێـت بـۆ ئەنجـومەنی دەوڵەت بەمەبەسـتی پێـداچوونەوەی لەرێـی دارشـتنی یاسـاییەوە لەکاتێکـدا مـاددەی (١٩٠)ی دەستوور تەنها ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەنجومەنی دەوڵەت پێـداچوونەوە بـۆ پرۆژەیاسـاکان دەکـات، لەهەمـان کاتـدا ئەنجومەنی دەوڵەتیش بەپشتبەستن بەهەمان مادده پێداچوونەوە بۆ پـرۆژەی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نـوێنەران ئەنجـام دەدات وەک هەر پـرۆژە یاسـایەکی ئاسـایی و تەنـانەت کۆمەڵێـک تێبینـی سەبارەت بە دارشتنەکەی بە ئەنجومەنی نوێنەران دەدات[٣].

---

(١) الدكتور فوزي صلاح، مقابلة خاصة مع الموقع الالكتروني لجريدة اليوم السبع المصري، القاهرة، ٢٥،اغسطس ٢٠١٥. https://www.youm ٧ com/story .

(٢)ياقو، د منى يوحنا – افين خالد عبدالرحمن، القواعد الجرائية المنظمة لعمل عضو البرلمان، بحث منشور في مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة (٢) المجلد (٢) العدد (٣) الجزء الاول،اذار ٢٠١٨، ص ٦٧.

(٣) تنص المادة ١٩٠ من دستور مصر لعام ٢٠١٤ على ان(مجلس الدولة جهة قضائية مستقلة، يختص دون غيره ....... ومراجعة، وصياغة مشروعات القوانين والقرارات ذات الصفة التشريعية).

**ج -ئەوانەی پێیان وایە کە پەیڕەو لە پلەبەندی یاساکان لەخوار یاسای ئاسییەوەیە:**

هەنـدێکی دی لە شـارەزایانی بـواری یاسـا پێیـان وایە کە پەیـڕەو لەخـوار یاسـای ئاسـاییەوەیە، دکتـور (فـایز مـحەمەد ابـو شـەماله) پێـی وایە کە پەیـڕەوی نـاوخۆ لە پلەندیدا لەخـوار یاسـای ئاسـاییەوەیە لەئـوردن، چـونکە کاتێـک یاسـادانەر لە دەسـتووردا ئامـاژەی بەجۆرەکـانی پەیـڕەو کـردوە، بـۆ ئەو پەیـڕەوانەی کە لە لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە دەردەچـن بە رەزامەنـدی پاشـای وڵات بە گـوێرەی ماددەکـانی (١١٤، ١٢٠) ئەوا بە روونـی ئامـاژەی کردووە بەوەی هەمان هێزی یاسـاییان هەیە، بەڵام لەو مـاددەیەی ئامـاژە بـۆ دەسـەڵاتی ئەنجـومەنی نـوێنەران دەکـات بـۆ دانـانی پەیڕەوی ناوخۆ هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە کە هێزی یاسای ئاسایی هەبێت[1]. هەرچـی دکتـور (رەشـید مدوریشـە) ئەگەرچـی لە کتێبـی (مراقبة دستورية الانظمة الداخلية للبرلمان في المغرب)دا ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات کە پەیڕەوی نـاوخۆی لوبنـان، سـوریا، کوەیت هەمـان پلەی یاسای ئاساییان هەیە[2]. بەڵام لە توێژینەوەیکیدا بە ناونیشانی (اشكالية النظام الداخلي في ضوء الدستور) ئاماژە بۆئەوە دەکات کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـانی مەغریب پشـت بەسـتن بە ئیجتیهـادی قەزائی لە پلەی خـوار یاسـای ئاسـاییەوەیە بەو پاسـاوەی کە قەزای

---

(١) ابو شمالة فايز محمد عبدالرحمن، بطارسة سليمان سليم، الاطار الدستوري للنظام الداخلي لمجلس النواب الاردني، مجلة جامعة عمان العربية للبحوث، المجلد الاول، العدد الاول، ٢٠١٨، ص١٦٥.

(٢) المدور رشيد، مراقبة دستورية الانظمة الداخلية للبرلمان في المغرب مقاربة في الخصائص والمنهج ، مطبعة طوب بريس-الرباط، ط١ ،٢٠٠٨، ص(١٦،١٥،١٤).

مەغريبی یاسای ئاسایی کردووەتە سەرچاوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ[1] ئەگەرچی لەراستیدا پێشەکی و دەقی بڕیارەکانی ئەنجومەنی دەستووری لە مەغریب پەیڕەوی ناوخۆی بە تەنها لە خوار دەستوور و یاسا بنەڕەتیەکانەوە داناوە، گونجاندنی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆشی تەنها بۆ دەستوور و یاسا بنەڕەتیەکان کردوە، لەهەممانکاتدا هیچ ئاماژەیەکی نەکردووە بۆ پێگەی پەیڕەوی ناوخۆ، بە بەراورد لەگەڵ یاسای ئاسایی[2]. دکتور (عەلی ئەلصاوي) پێش دانانی دەستووری ساڵی ٢٠١٣ هەروەها دەستووری ساڵی٢٠١٤ بە هەمان شێوە پێی وابوو کە پەیڕەوی ناوخۆ لەپلەبەندی یاساییدا لە خوار یاسای ئاساییەوەیە[3]. تەنانەت بۆچوونەکانی بووبوونە بنەمای پشتپێبەستنی زۆرێک لە توێژەرانی بواری یاسا لەو بوارەدا، بەشێک لە تویژەران کە پێیان وایە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە خوار یاسای ئاساییەوەیە، پشتیان بە بۆچوونەکانی ئەو بەستووە، لەوەش زیاتر لە توێژینەوەیەکیدا کە لە کۆڕبەندی تایبەت بە پێشخستنی کاری پەرلەمانی لە بیروت لە ساڵی ٢٠٠٠ کە لە لەلایەن ناوەندی لوبنانی بۆ لێکۆڵینەوە بە هاوکاری بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتوەکان رێکخرابوو، چەند خاڵێک بۆ پێشخستنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە عەرەبیەکان دەخاتەڕوو، یەکێک لەو خاڵانە ئەوەیە، کە پەیڕەوی

---

(١) المدور رشيد، اشكالية النظام الداخلي في ضوء الدستور، دراسة دستورية تحليلية، اطروحة دكتوراه، جامعة محمد الخامس، الرباط، المجلة العربية للادارة المحلية،٢٠١٦، ص١٢٢.

(٢) نويري محمد، الكتلة الدستورية بالمغرب مقاربة دستورية-قضائية، بحث منشور في موقع marocodroit.comm ، ص١١.

(٣) الصاوي على، مصدر سابق، ص٢٩٦.

نـــاوخۆ له چوارچێــوەی رایەڵەیەکـــی یاســـاییدا رێکبخرێـــت که پلەبەنـدییەکەی بەم جـۆرە بێـت لەسـەرەوە دەسـتوور دوای ئەو یاسای ئاسایی بەدوای ئەوان ئینجا پەیڕەوی ناوخۆ بێت[1]. کەچی له دوایین توێژینەوەی سـەبارەت به پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی میسر که له گۆڤاری (الدستورية)دا نووسیویەتی له ساڵی ٢٠١٤، بۆچوونەکـانی سـەبارەت به پلەبەنـدی و پـێگەی پەیـڕەوی ناوخۆ گۆرانکاری زۆری بەسـەر داهـاتووە، لەو توێژینەوەیدا که له سایەی ئەو واقیعه دەستوورییەی له سالانی ٢٠١٣،٢٠١٤ له میسر هـاتۆته کـایەوە، که بۆ یەکەم جار له دەستووری میسـری ئامـاژە بەوە دەکات پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی میسر به یاسا دەردەچێت، دکتۆر عەلی ئەلصاوی جەخت لەوە دەکاتەوە که دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران پەیڕەوێکی نوێ بۆخۆی دابنێت که بگونجێت له گەڵ ئەو واقیعه دەستوورییه نوێیەی له میسر هـاتۆتەوە ئاراوە، هەروەهـا دان دەنێت بەوەی که دەسـتووری سـاڵی ٢٠١٣ی میسـر خەسـڵەتی یاســای بەخشـیوەته پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نـوێنەران و هەربـۆیەش به هەمـان رێککـاری یاسـا دەردەچێـت بێگومـان بۆ هەمـوولایەکیش پابەندکەرە نەک تەنهـا بۆ ئەنجـومەنی نوێنەران[2]، هەڵبەت ئەوکات ئەنجومەنی نوێنەران کاری به پەیڕەوە کـۆنەکەی دەکــردو هێشـــتا پەیــڕەوی نــوێی دانەنــابوو دواتــر دەستووری ساڵی ٢٠١٤ بەهەمان شێوەی دەستووری سـاڵی ٢٠١٣

---

(١) الصاوي على، هەمان سەرچاوە، ٢٩٦.

(٢) الصـاوي علـى، مشـروع لائحـة جديـدة لمجلـس النـواب، مجلـة الدسـتورية الصـادرة مـن المحكمـة الدسـتورية، القـاهرة، العـدد الخـامس والعشـرون، السـنة الثانيـة عشـر، ابريـل ٢٠١٤.

جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران بە یاسا دەردەچووێندرێت، دواجار لە سایەی ئەو واقیعە دەستوورییە نوێیە و لە ساڵی٢٠١٦ ئەنجومەنی نوێنەرانی میسر پەیڕەوی ناوخۆکەی بە یاسایەک دەردەچووێنێت.

### ٣ -بەهای یاسایی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە دەستووری هەرێمی کوردستان تا نووسینی ئەم پەرتووکەش بوونی نییە، هەربۆیە سنوورو تایبەتمەندی دەسەڵاتەکان و پەیوەندی نێوانیان بە یاسای ئاسایی رێکخراون. بەنموونە کارەکانی پەرلەمانی کوردستان کە بەرجەستەی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات لە هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ رێکخراوە، دەسەڵاتی دادوەری بەپێی یاسای ژمارە (٢٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ رێکخراوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بە هەمان شێوە لە رێگەی یاساکانی ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢، هەروەها سەرۆکایەتی هەرێمیش بە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ و چەند یاسایەکی دیکە رێکخراون. هەربۆیە پێویستە نەبوونی دەستوور لەهەرێمی کوردستان لەبەرچاوی بگرین لەکاتی شەنوکەوکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، چونکە ئەم راستییە کاریگەری دەبێت لەسەر کۆی توێژینەوەکەمان، هەربۆیە پێدانی دەسەڵات بە پەرلەمانی کوردستان بۆ دانانی پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆخۆی، لە یاسای

ژمـاره (١)ی سـاڵی ١٩٩٢ دەقنـووس کـراوه[1]. بەوردبـوونەوه لەدەقی بڕگه (٨) له مـاددەی پەنجـاو شەشـەم له یاسـای ژمـاره (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ئەم چەند راستییەمان بۆ دەردەکەوێت:

أ - دەسەڵاتی دانان و دەرچوواندنی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردستان دراوه بەخودی پەرلەمان، لەو بارەیەوه نه پێویسـتی به رەزامەندی هیچ لایەنێکی دیکەیه بۆ دەرچوواندنی هەروەک له هەنـدێک وڵات پیـاده دەکرێت، نه بەرکاربوونیشـی وەسـتاوه لەسەر گونجاندنی دەستووری پەیڕەوەکه هەروەک له هەنـدێکی دیـــکه لەوڵاتـــان هەیه، بەڵکـــو تەواوی سەربەســـتی دراوەته پەرلەمـان له دانـان و دەرچووانـدن و بەرکـارکردنی پەیـڕەوی ناوخۆکەیدا.

ب -دەقــی بــڕگه (٨) و هــیچ دەقێکــی یاســایی دیــکه، ئاماژەیــان نەکـردووه بـۆ پـێگەو بەهـای پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان له پلەبەندی یاساکان له هەرێمی کوردستان.

ت -به هۆی نەبوونی دەسـتوور و، دادگـای دەسـتووری له هـەرێمی کوردسـتان، تەنـانەت لەڕووی ئیجتیهـادی قەزاییشـەوه بڕیارێـک یاخود رایەکی دادگای دەستووریمان نییه لەبارەی بەهاو پێگەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانەوه. هەرچی ئەنجومەنی شـورای هەرێمیشـه دووجـار و له دوو بـۆنەی جیـاوازدا قسـەی هەبووه لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ، جاری یەکەم لەوکاتەدا بوو که له خـولی چـوارەمی پەرلەمـان دانیشـتنی یەکەمـی پەرلەمـان له ٢٠١٣/١١/٦ به کراوەیـــی به جێهێڵـــدرا، داوایەک ئاراســـتەی

(١) له ماددەی (٥٦)دا هاتووه ( پەرلەمانی کوردستان ئەم ئەرک و دەسەڵاتانەی خوارەوه جێبەجێ دەکات .... ٨- دانانی پەیڕەوی ناوخۆ...) .

دادگـای ئیـداری کـرا بەوەی بڕیـاری بە کراوەیـی هێشـتنەوەی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان پێچەوانەی حوکمەکانی دەستوورو ماددەکـانی (٣) و (١٠)ی پەیـڕەوی نـاوخۆیە، بـۆیە داواکـرا ئەو بڕیـارە هەڵبوەشـێندرێتەوە، ئەنجـومەنی شـورای هەرێمـیش لە بڕیــاری ژمـــارە (٨٩) ســـاڵی ٢٠١٤ بەو جــۆرە رای خـــۆی دەخـــاتەڕوو (حیـث اسـتقر کـل مـن الفقـه والقضـاء الاداریـة والدستوري على ان القرارات التي تصدر من برلمان عن طريق التصـويت سـواءا اكانـت متعلقـة بتنظـيم شـؤون الجلسـات او الاجتماعـات او مواعيـدها وغيرهـا مـن القـرارات تعـد مـن قبيـل الاعمال البرلمانيـة والتـي لا تخضـع لرقابـة القضـاء الاداريـة، كمـا وان المادة الثالثة عشر من قانون مجلس شورى الاقليم النافذ قد حددت اختصاصات المحكمة الادارية وليس من بينها الطعن في الاعمـــال البرلمانيـــة ممـــا يخرجهـــا مـــن اختصـــاص المحكمـــة الاداريـة)[١]. بەوردبـوونەوە لە دەقـی بڕیـاری ئەنجـومەنی شـورا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەنجـومەنی شـورا بەروونـی ئاماژە بـۆ ئەوە دەکـات کە هەر بڕیارێـک لە نـاو پەرلەمـان دەربچێـت بە دەنگدان سـەبارەت بە رێکخسـتنی دانیشـتنەکانی نـاو پەرلەمـان یـــان هەر بـــابەتێکی دیـــکە، ئەوا دەچێـــتە چوارچێـــوەی کـــاری پەرلەمـــانی و لە تایبەتمەنـــدی ئەنجـــومەنی شـــورا نیـــیە تـــانەو داواکـاری تـایبەت بەو جۆرە بڕیـارانە یەکـلا بکـاتەوە، بێگومـان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـانیش کاروبـاری دانیشـتنەکان و کـۆی چالاکییەکانی پەرلەمان رێکدەخات و لە نـاو هـۆڵی پەرلەمـان بە

(١) الزيباری مروان حـاجی، المبـادئ القانونيه لقرارات محـاكم تمييـز اقلـيم كردسـتان، گ٣، مكتبه التفسير، ٢٠١٧، ص٢٤ .

دەنگدان دەردەچووێندرێت. بەرەنجامی ئەو بڕیارەش ئەوەیە ئەنجومەنی شورا پەیڕەوی ناوخۆ لە ریزی ئەو پەیڕەوانە دەردەهێنێت کە لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەچن و ژێربارن بۆ تانەلێدانی نایاسایی بوونیان. ئەمەش هەنگاوێک لە دیاریکردنی پێگەو بەهای پەیڕەوی ناوخۆ نزیکمان دەکاتەوە، لەسەر هەمان بابەت و جارێکی دیکەش لە ساڵی ٢٠١٩ داوایەکی دیکەی ئاڕاستە کراوە هەر سەبارەت بەکراوەی هێشتنەوەی دانیشتنی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمان دیسانەوە جەختی لە هەمان بۆچوونی پێشووی خۆی کردۆتەوە. کەچی لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/٢ لە رایەکیدا نەک بڕیار، سەبارەت بە داواکاریەکی جێگری سەرۆک وەزیران کە ئاڕاستەیان کراوە سەبارەت بە وەرگرتنی رایان دەربارەی ئەو دژیەکیەی لە نێوان ماددەی (١٣) ی پەیڕەوی ناوخۆی ساڵی ٢٠١٨ هەیە، لەگەڵ بڕگەی پێنجەم لە ماددەی پێنجەم لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ کە یاسای هەمواری یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە، بەم جۆرە رای خۆی بەیان دەکات (حيث ان اية تشريعات فرعية تصدر بالاستناد الى قانون ما او لتسهيل تنفيذه سواء اكان نظاما ام تعليمات ام نظاما داخليا يجب ان لا تضمن نصوصا تخالف الاحكام الصريحة والملزمة الواردة في ذلك القانون، وحيث ان النظام الداخلي للبرلمان ينضم عمل البرلمان وتشكيلاته لضمان حسن ادائه لمهامه في اطار القانون الذي يحكم البرلمان، فان نصوص هذا النظام الداخلي يجب ان لا تخالف باي شكل من الاشكال الاحكام القانونية الواردة في

قـانون انتخـاب المجلـس الـوطني (البرلمـان) اقلـيم كردسـتان – العـــراق رقـــم (١) لســـنة ١٩٩٢). بەوردبـــوونەوە لەم رايەى ئەنجومەنى شورا بۆت دەردەكەوێت كە كەوتوونەتە هەڵەيەكى ياســايى گەورەوە كاتێــك ئەوەيــان لەبەرچــاو نەگرتــووە كە ســەرچاوەى رێكـخەر بـۆ پەيـڕەوى نـاوخۆ لە هەمـوو دونيـادا دەســتوورە نەک ياســا، لە هەرێمــى كوردســتانيش كە ياســاى هەڵبژاردنى پەرلەمانى كوردستان بۆتە سەرچاوەى رێكخەر بۆ پەيــڕەو، لەبەرئەوە نيــيە كە پەيــڕەو بەشــێكە لە تەشــريعاتى فەرعى لە هەرێم، بەڵكو لەبەر ئەوەيە كە لە هەرێمى كوردستان دەســتوورمان نيــيە، خــۆ ئەگەر ئەم رايەى ئەنجـومەنى شــورا راست و دروست بێت، ئەوا ياساى ژمارە (١)ى ساڵى ١٩٩٢ كە سەرچاوەى رێكخەرە بۆ هەمـوو ياسـا ئاسـاييەكانى ديكەش لە هەرێــم چــونكە هەر ئەو ياســايە تايبەتمەنــدى ياســادانان و لە هەمان كات دانانى پەيڕەوى ناوخۆشـى بەخشـيوە بە پەرلەمـان، لەو بارەشــدا دەبێــت هــيچ ياســايەكى ديـكەى ئاســايى بـڕگەو ماددەكـانى دژيەكيـان نەبێـت لەگەڵ ياسـاى ژمـارە(١)ى سـاڵى ١٩٩٢، چـــونكە لە رووى پلەبەنـــدييەوە لە ژێـــر ئەوەوەن، لە كاتێكـدا لە رووى واقيعــى كـردارى چەنــدين ســاڵەى كــارى پەرلەمــان و پرۆســەى ياســاكارى لە هەرێمــى كوردســتان بەو شــێوەيە نيــيە، بەڵكــو پەرلەمــان لە دەركردنــى ياســادا هــيچ بــاڵاييەكى نەداوە بەم ياســايە لەســەر ياســاكانى ديــكەو بە كـــرداريش چەنـــدين ياســـاى دەركـــردوە كە حوكمەكـــان هەمــواركەرەوەى حوكمەكــانى ئەو ياســايە بــوون بە نمــوونە ياسـاى ژمـارە(١)ى سـاڵى ٢٠٠٥ ياسـاى سـەرۆكايەتى هەرێـم

چەندین حوکمی نێو یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کردووەتەوە، لە لایەکی دیکەوە گەر سەیری پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانیان کردبایە کە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان پەسندی کردووە بە داخەوە لەبەر هەندێک هۆکار نەخرایە راپرسییەوە، ئەوا لە بڕگەی دوازدەیەم لە ماددەی (٩٣) ئاماژە بە تایبەتمەندبوونی پەرلەمان دەکات لە دانانی پەیڕەوی ناوخۆی. لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە کاتێک تایبەتمەندی دانانی پەیڕەوی ناوخۆ لە رێگەی یاساکەوە دراوە بە پەرلەمان لەبەر ئەوە نییە لە خوار یاساکەوەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئێمە دەستوورمان نییە تا راستەوخۆ ئەو تایبتمەندییە ببەخشێتە پەرلەمان، خاڵێکی دی کە دەبووایە ئەنجومەنی شورا رەچاویان کردبایە ئەوەبوو کە لە زۆرینەی هەرە زۆری وڵاتان لانی کەم ئەو وڵاتانەی لە ئێمەوە نزیکن، بابەتی گونجاویەتی پەیڕەو لەگەڵ دەستوور دەکرێت و ئەم تایبەتمەندیەش لەلایەن دادگای دەستوورییەوە پیادە دەکرێت، نەمدیوە لە هیچ وڵاتێک کە دادگای ئیداری ئەو تایبەتمەندییەی پیادە کردبێت، تەنانەت لە عیراقیش گونجاویەتی دەستووری بۆ پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران دەکرێت و لەلایەن دادگای ئیتیحادیەوەش پیادەی ئەو تایبەتمەندییە دەکرێت، بە پێی ماددەی (٩٣) لە دەستووری هەمیشەیی عیراق بڕگەی (یەکەم) هەروەها ماددەی (١٥٠) لەپەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، ئەنجومەنی شورا خۆیشی لە بڕیارەکەی پێشووی هەمان رای هەبووە، ئیدی نازانم بۆچی لێرەدا بەم

شێوەیە رای خۆیان گۆڕیووەو پەیڕەوی ناوخۆیان خستۆتە ریزی تەشریعاتی فەرعیەوە.

**ث -لەرووی فیقهیشەوە بەشبەحاڵی خۆم وەک توێژەرێک هیچ نووسین و توێژینەوەیەکم بەرچاو نەکەوتووە کە باسی لە پێگەو بەهای یاسایی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کردبێت لە هەرێمی کوردستاندا.**

جا لەو سۆنگەیەوە ئێمە پێمان وایە دیاریکردنی پێگەو بەهای یاسایی پەیڕەوی ناوخۆ توێژینەوەو دیراسەی زانستی وردو زۆرتری دەوێت، ئێمە لە میانەی ئەو توێژینەوەیەماندا هەوڵ دەدەین بە وردی و میتۆدی زانستییەوە دەست بەرین بۆ بابەتی بەهای یاسایی پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان لە رێگەی تیشکخستنەسەر چەند خاڵێک:

أ -نەبوونی دەقێکی یاسایی کە بەهای یاسایی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دیاری بکات، هەروەها نەبوونی بڕیارێکی دادوەری کە لەلایەن دادگایەکی تایبەتمەندەوە دەرچووبێت، سەبارەت بەو بابەتە و تەنانەت ئەو دژیەکی و ناڕوونییەی ئەنجومەنی شورا کە لە میانی بڕیارێک و رایەکی خۆیدا سەبارەت بە هەمان بابەت خستویەتییەڕوو، دەرگا لەبەردەم توێژەرانی یاسایی والا دەکات، تا رۆڵی خۆیان بگێرن و هاوکاری یاسادانەر بکەن لە بەلاداخستنی ئەو مشتومڕەی لەبارەی بەهای پەیڕەوی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان دروست بووە.

ب -ئەگەر لەڕووی بابەتییەوە خوێندنەوەیەک بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بکەیت ئەوا بۆت روونەدەبێتەوە کە تەنها چەند رێساو رێککارێکی تایبەت بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی

کارەکانی ناو پەرلەمان لە خۆ ناگرێت، بەڵکو حوکمەکانی زۆر لەوە فراوانترن، چەندین بڕگەو ماددەمان هەیە کە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان ڕێکدەخەن و لە ماوەی چوار خولی رابردووشدا سەرجەم دەسەڵاتەکان پابەندبوون بەو حوکمانەی لەپەیڕەودا هاتوون، بە نموونە رۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و تەنانەت دەسەڵاتی دادوەری لەرووی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی یاسادانان، بە تەواوی ئەم رۆڵە لەلایەن پەیڕەوی ناوخۆوە ڕێکخراوەو بەدرێژایی ساڵانی تەمەنی پەرلەمانی کوردستانیش دەسەڵاتەکانی دی پابەندبوون بەو حوکمە ڕێککاریانەوە[1]. لە بواری بودجەشدا بەهەمان شێوە تەواوی ڕێککارەکانی وادەی ئامادەکردن و ناردنی بۆ پەرلەمان و گفتوگۆکردن لە بارەیەوە تەنها لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژەیان بۆ کراوە و دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش پێیانەوە پابەندبووە لە کاتی ئامادەکردن و ناردنی بودجە لەو ساڵانەی بودجەی ئامادە کردووە[2]. هەرچی بواری چاودێری پەرلەمانیشە بۆ کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەر لە پرسیارەوە بیگرە تا دەگات بە خستنەرووی بابەتێک بۆ گفتوگۆی گشتی و تا دەگات بە پرساندن و لێسەندنەوەی متمانە ئەمانە هەموو حوکمەکانی بە تەنها لە پەیڕەوی ناوخۆدا ڕێکخراون و دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش پێیانەوە پابەند بووە لە ماوەی رابردووی

(١) سەیری ماددەکانی (٧٨)بڕگەکانی یەکەم،دووەم و چوارەم بکە ، هەروەها ماددەی(٨٣)، ماددەی (٩٤) ، ماددەی (٩٥) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکە .

(٢) سەیری ماددەکانی (٩٨-١٠٩) بکە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکە .

کاری پەرلەماندا[1]. ئەمە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان، هەرچی تایبەت بێت بە هێنانەکایەی پێگەی یاسایی و پێدانی ئەرک و دەسەڵاتیش، ئەوا بێگومان تەنها لە پەیڕەوەکەدا ئاماژەی بۆکراوە، بەنموونە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەردەگرین کە لە ماددەی (١٦) لە پەیڕەو ئاماژەی بۆکراوەو چەندین ئەرک دەسەڵاتی پێدراوە، ئەم دەستەیە نە پێکهاتەو نە ئەرک و دەسەڵاتەکانی لە هیچ دەق و بڕگەیەکی هیچ یاسایەکدا ئاماژەیان بۆ نەکراوە تەنها لەپەیڕەوی ناوخۆدا نەبێت، دەربارەی هێنانەکایەی ئەرک ومافیش، ئەوا پەیڕەوی ناوخۆ چەندین حوکمی یاسایی لە خۆی دەگرێت کە تەنها خۆی ڕێکیخستوون بەدەر لە هەر یاسایەکی دی، بەنموونە حوکمەکانی تایبەت بە دروستی ئەندامییێتی کە لە ماددەی (٢١) ئاماژەی پێکراوە، ئەرکەکانی ئەندام کە لە ماددەی (٢٢) ئاماژەیان پێکراوە، مافەکانی ئەندام کە لە ماددەکانی (٢٣،٢٤) ئاماژەیان پێکراوە، هەروەها کۆتاییهاتنی ئەندامێتی کە لە ماددەی (٢٥) ئاماژەی پێکراوە، ئەمانەو چەندین بڕگەو ماددەی دیکە ئەوەمان پێ دەڵێن کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تەنها چەند ڕێسایەکی ڕێککاری ناوخۆیی پەرلەمان نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا کۆمەڵێک بابەتی ڕێکخستووە کە لە بنەڕەتدا ئەرکی خودی دەستوورە نەک هەر یاسا.

ت- خۆ ئەگەر لە ڕووی ڕواڵەتیشەوە خوێندنەوەیەک بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکەین ئەوا لە میانەی وردبوونەوە لە ماددەی (١٢٥) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دوو

(١) سەیری ماددەکانی (٥٨-٧٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکە.

راستیمان بۆ رۆشن دەبێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە هەمواری ئەم پەیڕەوە لەسەر پێشنیازی (٤/١)ی ئەندامانی دەبێت[١]، ئەمەش رێککارێکی قورسترە لە هەموار یان پێشنیازی یاسای ئاسایی لە پەرلەمان کە بە پێی ماددەی (٧٦) بڕگەی دووەم، تەنها پێویستی بە (١٠) ئەندام پەرلەمانە[٢]. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە هەر لە ماددەی (١٢٥)ی پەیڕەودا ئاماژە بەوە دەکات کە لە کاتی هەمواركردنەوەی ئەم پەیڕەوە هەمان رێککارەکانی یاسادانان دەگیرێنەبەر، ئەم دوو راستییەش ئەوەمان بۆ روونبدەکەنەوە کە یاسادانەر لەپەرلەمانی کوردستان بێ هیچ دوودڵییەک مەبەستی پێدانی هێزی یاسای ئاسایی یان سەرووتری هەبووە بۆ پەیڕەو.

ث- **بە وردبوونەوە لە هەندێک بڕیاری تەشریعی بۆمان دەردەکەوێت کە هەم پەرلەمان و هەم سەرۆکایەتی هەرێم کە باڵاترین دامەزراوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە کاتی پرۆسەی یاساکاریدا،** وەک سەرچاوەیەکی رێکخەر ئاماژەیان بۆ بڕگەو ماددەکانی پەیڕەو کردووە، بە نموونە ئەگەر سەیری بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٦ ی تایبەت بە پاڵاوتن و دانانی جێگری سەرۆکی هەرێم بکەین کە لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان ژمارە (٦٢) لە ٢٠٠٦/٨/٢٧ بڵاوکراوەتەوە، بەروونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان وەک سەرچاوەیەکی رێکخەرو هاوشانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ئاماژەی پێکراوە، کاتێک لە دیباجەی بڕیارەکەدا هاتووە

---

(١) سەیری ماددەی (١٢٥) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکە.

(٢) سەیری ماددەی (٧٦) بڕگەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بکە.

(پشت بەو یاساکارییەی کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (١٠)ی رۆژی ٢٠٠٦/٦/٢١یدا، بە پێی حوکمەکانی بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ و ماددەی (٦)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەنجامی داوە و بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بە ماددەی (١٠) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ پێماندراوە ئەم بڕیارەی خوارەوەمان دەرچوواند)[1]. تەنانەت یاسادانەری عیراقیش بەهەمان شێوە دەروانێتە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران، کە سەرچاوەیەکی سەرەکی ڕێکخەری کارەکانیەتی کاتێک لە ماددەی (٤) ی پەیڕەوەکەدا دەڵێت: (یلتزم اعضاء مجلس النواب في مناقشاتهم وما یتخذونه من قرارات باحکام الدستور وهذا النظام) بە سەرنجدان لە دەقی ئەو ماددەیە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ ئاماژەیەکی بۆ یاساکانی تایبەت بە کاری ئەنجومەنی نوێنەران نەکردوە بەڵکو تەنها دەستور و پەیڕەوی ناوخۆی کردۆتە سەرچاوەی ڕێکخەر بۆ کارەکانی پەرلەمان. لەبەرەنجامی ئەو راستیانەی ئاماژەمان پێکردن و لە سایەی نەبوونی دەستوور لە هەرێمی کوردستان، ئەوا تەنها خودی ئیرادەی پەرلەمان و هەندێک لە دەقەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عیراق سەرچاوەی ڕێکخەری کارەکانی پەرلەمانن و لە ئێستادا هەر ئەوە دەتوانێت هێزو بەهای پەیڕەوی ناوخۆ بەبەراورد لەگەڵ یاسای ئاسایی دیاری بکات، لە ئێستاشدا ئەگەرچی بەروونی لە دەقێکدا ئاماژە بەو بابەتە نەکراوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئاماژەی بۆ گۆڕینی ئیرادەی خۆی

(١) بەزاز عەونی، هەمان سەرچاوە، ل ٢٩ .

کـردووه بە ئاراسـتەی ڕۆشـنترکردن و بەهێزکردنـی پـێگەی پەیـڕەوی نـاوخۆ لە پلەبەنـدی یاسـاکان لە هەرێمـدا ئەوەش لە مـاددەی (١٢٥)ی پەیـڕەو بە ڕۆشـنی بە دیاردەکەوێـت، دەمێنێتەوە چەند سەرنجێک بدەین لەسەر ئەو هەنگاوانەی کە پێویسـتە پەرلەمـانی کوردسـتان بە ئاراسـتەی تەواوکردنـی پرۆسـەی دیـاریکردنی بەهـای پەیـڕەوی نـاوخۆ بیانهاوێـت، هەنگاوەکانیش ئەمانەن:

١ -لەبەر ئەوەی لە مـاددەی (١٢٥) ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات کە لە کـاتی هەمـواری ئەم پەیـڕەوە تەواوی ڕێککارەکـانی یاسـادانان دەگیـرێتەبەر، دەبـووایە لە حـوکمە کۆتاییەکانـدا مـاددەیەک هەبووایە ئاماژەی بۆ ئەوە کردبا کە ئەم پەیڕەوە بە یاسایەک دەردەچووێندرێت تاوەکو قۆناغی دەرچوواندنیشی بۆ بکرابایە لەلایەن سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتانەوە، پـێش ئەوەی لە ڕۆژنـامەی وەقـایعی کوردسـتان بڵاوبکـرێتەوە، هەروەک لە میسر و کوەیت و یەمەن و بەحرەین و قەتەر پیادە دەکرێت، چونکە لە سایەی ماددەی (١٢٥) و لە کاتی هەمـوارکردنەوەی پەیـڕەوەکە، ئەو گـرفتە جـارێکی دیـکە دێـتە پێشـەوە.بەهـۆی ئەوەی دەقـی مـاددەی (١٢٥) ئامـاژەی بەوە کـردوە لە کـاتی هەمـوارکردنەوەی پەیـڕەوەکەدا پێویسـتە هەمـان ڕێککارەکـانی یاسادانان بگیرێتە بەر.

٢ -بۆ زیاتر دڵنیابوون لە پێگەی یاسایی پەیڕەوەکە ماددەی (١٢٦) بەم شێوەیە دارشتنەوەی بۆ بکرێت (هەر حوکمێک پێچەوانەی حوکمەکـانی ئەم پەیـڕەوە بێت کـاری پـێ ناکرێت). هەروەک لە

پەیــڕەوی لوبنــان و ســوریا و میســر و یەمەنــدا ئاماژەیــان پێکردووە.

٣ -خاڵێکی دی کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەویش ئەوەیە کە پەرلەمــان خــاوەنی تایبەتمەنــدی ســەرەکی و بنەڕەتــی ڕێکخســتنی کاروبارەکـانی خـۆیەتی، لەو بـارەیەوە نەک یاسـا تەنـانەت لە بەرامـبەر دەسـتووریش لەپێشـینەیی بـۆ پەیـڕەوی ناوخۆیە چجای یاسایەکی ئاسایی، ئەوەتا لە عیراق سەرەڕای ئەوەی دادگـای ئیتیحـادی بە بڕیـاری ژمـارە (٨٧) لە بەرواری ٢٠١٠/١٢/٢[1]، رای خـۆی لەسـەر هەبـوون و دەسـەڵاتەکانی دەسـتەی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی نـوێنەران دەردەبڕێـت کە مـاددەی (٨) بـڕگەی یەکەم وهەروەهـا مـاددەی (٩) لە پەیـڕەوی نـاوخۆ ڕێکیـان خسـتووە، بەوەی پـێچەوانەی ماددەکـانی (٥٨ بڕگەی یەکەم و دووەم) ،(٦١، بڕگەی حەوتەم –ب)، (٦٣،بڕگەی یەکەم) و (٧٥ بـــڕگەی یەکەم و دووەم و ســـێیەم)ە، کەچـــی ئەنجومەنی نوێنەران گوێ بەم بڕیاری دادگای ئیتیحادی نادات و تـا نووسـینی ئەم تـوێژینەوەیەش کە دوو خـول بەسـەر بڕیارەکەی دادگای ئیتیحادی تیپەربووە، دەستەی سەرۆکایەتی هەر هەیە بە تەواوی دەسەڵاتەکانیشـیەوە، هەر سـەبارەت بە ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عیـراق لە دانیشـتنی یەکەمـی خـولی چـوارەمی ئەنجـومەنی نـوێنەران لە کـاتی هەڵبژاردنـی دەسـتەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران، دژیەکیەک هاتە پێشـەوە لە

---

(١) قرار المحكمة الاتحادية رقم ٨٧ لسنة ٢٠١٠، الصادر في ٢٠١٠/١٢/٢ ، منشور في احكام وقرارات المحكمة الاتحادية العليا للعام ٢٠١٠ ، المجلد الثالث ،تموز ٢٠١١ ،اصدار جمعية القضاء العراقي،ص٢١ .

نێــوان مـــاددەی (٧) بــڕگەی دووەمـــی پەیــڕەوی نـــاوخۆی ئەنجومەن لەگەڵ دەقی ماددەی (٥٥)ی دەستووری عیراق، لە دەستووردا بەم جۆرە هاتووە کە دوای هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن، هەڵبژاردن بۆ جێگرانی یەکەم و دووەم بەیەکەوە دەکرێت، واتا بە یەک پرۆسە، هەرچی پەیڕەوەکەشە پرۆسەی هەڵبژاردنی هەردوو جێگرەکەشی لەیەکدی جیا کردۆتەوە، واتا ســـەرۆک و دوو جێگـــرەکە لە ســـێ پرۆســـەی جیـــاواز هەڵـــدەبژێردێن، کاتێـــک ســـەرۆکی تەمەن دەیەوێـــت بەپێـــی دەستوور پرۆسەکە ئەنجام بدات ئەندامانی پەرلەمان ڕێگەی پێ نادەن و پاساویشیان هەروەک ئەندامان (سەباح ساعدی و ڕێبــوار تەهــا) ئامــاژەی پــێ دەکەن ئەوەیە کە لەرێکخســتنی کاروبــاری نـــاوخۆی پەرلەمـــان لەپێشـــینەیی بـــۆ پەیـــڕەوی نـــاوخۆیەو هەر لەبەر ئەمەشـــە دەســـتوور لەمـــاددەی (٥١) دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانی بۆ دانانی پەیڕەو بە تایبەت ڕێکخستووە، دواجار پرۆسەکە بە پێی حوکمەکانی پەیڕەوەکە بەڕێوەدەچێت نەک دەستوور، هەروەک لەکۆنووســی ژمــارە (٣،٤) دانیشــتنی ژمــارە (١)ی ئەنجومەنی نوێنەرانــدا هــاتووە[١]. لەکوەیتیش بە هەمان شێوە دادگای دەستووری لە بڕیاری ژمــارە (٢)ی ســاڵی ١٩٨١ ڕەتیدەکاتەوە کە مــاددەی (١١٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ نادەستووری بێت، کاتێک تانەیان لەو ماددەیە دا گوایا ئامــاژە بــۆ ئەوە دەکــات ئەنجومەنی ئوممە لە کــاتی ڕەتکردنەوەی ئەو مەراسیمانەی هێزی یاساییان هەیە پێویستی

(١) ســەیری کۆنووســی ژمــارە (٣،٤) دانیشــتنی ژمــارە (١)ی ســاڵی ٢٠١٨ی ئەنجــومەنی نوێنەران بکە لە وێب سایتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق.

به زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامانی دەبێت، ئەمەش پێچەوانەی ماددەی (٩٧)ی دەستوورە کە مافی پەسندکردن و ڕەتکردنەوەی داوە بە ئەنجومەنەکە بەبێ ئەوەی ئاماژە بۆ زۆرینەیەکی دیاریکراو بکات، دادگای دەستووری ڕەتی نادەستووریبوونی ئەو ماددەیەی پەیڕەو دەکات، بە پاساوی ئەوەی کە دەقی ماددەکە لە دەستوور بەو جۆرەیە کە ئەنجومەنی ئوممە بڕیارەکانی بە زۆرینەی ئامەدەبووان دەردەچووێنێت جگە لەو بڕیارانەی کە زۆرینەیەکی تایبەتی بۆ بڕیاردەدرێت، لەبەر ئەوە ئاساییە لە تەشریعاتەکانی خوار دەستوور بەجۆرێک لە جۆرەکان زۆرینەیەکی دیکە دابنرێت بۆ بڕیارێکی دیاریکراو کاتێک پەیڕەوی ناوخۆ پیادەی ئەو بواردنەی کردووە لەڕێگەی ماددەی (١١٤)ەوە هیچ دژیەکیەکی تیدا نییە لەگەڵ حوکمەکانی دەستوور[1]. لە میسریش حاڵەتێکی لەم شێوەمان هەیە کاتێک ئەنجومەنی نوێنەران لەڕێگەی ماددەی (٤٠٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ بودجەی ئەنجومەنی نوێنەرانی هێناوەتە ژمارە یەک لەریزبەندی بودجەی گشتی وڵات، لەکاتێکدا بە پێی ماددەکانی (٢٠٣،١٩١،١٨٥)ی دەستوور بودجەی لایەن و دامەزراوە دادوەری و هێزە چەکدارەکانی لەریزبەندی ژمارە یەکی بودجەدا داناوە، لەسەر ئەو بنەمایە بەشی تەشریع لە ئەنجومەنی دەوڵەت داوا لە ئەنجومەنی نوێنەران دەکات ماددەی (٤٠٤) ڕاستبکاتەوە، چونکە نادەستوورییە، کەچی ئەنجومەنی نوێنەران ڕایەکەی

---

(١) السيد، محمود صبحي علي، الرقابة على دستورية القوانين، القاهرة، دار النهضة ط٢، ٢٠١٧، ص٣٨٨.

ئەنجــومەنی دەوڵەت بە هەنــد وەرناگرێــت و دواجــار دەقــی ماددەی (٤٠٤) وەک ئەوەی خۆی داپڕشتووە دەردەچووێنێت[١].
هەموو ئەو نموونانەی ئاماژەمان پێکردن ئەوەمان پێدەڵێن کە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقەکانی پەیڕەو هەوڵی لەکارخستنیان بە بیانووی نا دەستووریبوون و هەروەها نایاسایبوون هەروەک لە پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتای خولی پێنجەم روویدا وردبینــی وردەکــاری زۆری دەوێــت، لەکارخســتنی بــڕگەو ماددەیەکی پەیڕەو دەستبردنە بۆ دەسەڵات و تایبەتمەندییەکی جەوهەری دەســەڵاتی یاســادانان بــۆیە بەو ســادەییە نیــیە هەروەک لە هەرێمی کوردستان پیادە کرا لە ماوەی رابردوودا، بە پشتبەستن بە هەندێک ئیجتیهادی تاکەکەسی چەندین بڕگە لە پەیــڕەو لە کــارخران بە پاســاوی نایاســاییبوونیان، بە بــێ ئەوەی هیچ ئیعتیبارێک بۆ ئەو گۆڕانکارییە یاساییانە دابنرێت کە بەســەر خــودی پەیــڕەوە نــوێیەکەی پەرلەمانــدا هــاتوەو، هەروەهــا بــێ قوڵبــوونەوە لە رەهەنــدەکانی دژ یەکبــوونی دوو حوکم لە یاسا جیاوازەکاندا، ئەمەش جۆرێک لە ناسەقامگیری یاســایی بەرهەمهێنــا لەســەرەتای خــولی پێنجەمــی پەرلەمــانی کوردستاندا.

(١) نفس المصدر، ص٣٨١.

## دەرەنجام

لەبەرنجامی ئەو توێژینەوەیەدا گەیشتین بەکۆمەڵە دەرەنجامێک لەخوارەوە بەچەند خاڵێک ئاماژەیان پێدەکەین:

١ -پێگەی پەیڕەوی ناوخۆ لەئاستی وڵاتان چونیەک نییە، هەر چەند وڵاتێک و بەجۆرو شێوازێکی تایبەت پێگەو رۆڵیان بەخشیوەتە پەیڕەوی ناوخۆ بۆیە هەڵەیە بەپشتبەستن بە لێکدانەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی وڵاتێک هەڵسەنگاندنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەوڵاتێکی دیکە ئەنجام بدەین، چونکە هەریەکەو رایەڵەی یاسایی تایبەت بەخۆی و شێوازی رێکخستنی تایبەت بەخۆیان هەیە سەبارەت بەو بابەتە.

٢ -لەروی بنەماوە نابێت دەرگای هیچ ئەگەرێک بەڕووی دیاریکردنی ئاست و پێگەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە هەرێمی کوردستان دابخەین، چونکە نموونەی جۆراوجۆرمان هەیە لەئاستی وڵاتان و هەریەکەو پێگەیەکی دیاریکراوی پێداوە، خۆ ئەگەر بە دەقێکی دەستووری یان یاسایی یەکلایی کرایەوە ئەوە باشتر، ئەگەرنا دەبێت بچین بۆ بڕیاری دادگای تایبەتمەند و پابەندکەر بۆ هەمووولایەک، خۆ ئەگەر لەوێش چارەسەریمان دەستنەکەوت ئەوکاتە دەبێت فیقه ئەسپی خۆی لەمەیدانەکەدا تاوبداو بابەتەکە بەلایەکدا بخات.

٣ -ئەزموونە نوێیەکانی پەیڕەوی ناوخۆ بە رچاوکردنی جیاوازییەکانیانەوە بەو ئاراستەیەن کە پەیڕەو وەک هەر یاسایەکی دیکەی ئاسایی سەیر بکرێت، پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی میسر لە ساڵی ٢٠١٦، هەروەها پەیڕەوی

ناوخۆی ئەنجومەنی گەلی سوریا لە ساڵی ٢٠١٧، ڕاستی بەرەو ئەو ئاڕاستە ڕۆیشتنەمان بۆ دەسەلمێنێت.

٤ -ئەزموونی دانانی پەیڕەو لەزۆربەی هەرە زۆری وڵاتان، ئەگەر نەڵێم کۆی وڵاتان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە لانی کەمی پێگەی پەیڕەو بڕتییە لەوەی کە لە چوارچێوەی کارەکانی پەرلەمان (الاعمال البرلمانية) دادەنرێت، هەربۆیەش لە هیچ وڵاتێک بەرچاو ناکەوێت کە دادگای کارگێڕی خۆی لەبینینی داوایەک دابێت سەبارەت بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان. بەڵام هێشتا لە هەندێک وڵات نارۆشنییەک لەبارەی پێگەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەوە هەیە، هەربۆیە کەم کەم دەستیان کردووە بەوەی لەرێگەی دەقی دەستووری و یاساییەوە کۆتایی بەو نارۆشنییە بهێنن. بە نموونە یاسادانەری عێراقی لەرێگەی دەقی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٣١) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەران، کۆتایی بەو نا ڕۆشنیە هێناوە کاتێک دەرچواندنی پەیڕەوی ناوخۆی لە ریزبەندی یەکەمی تایبەتمەندی یاسادانان داناوە کە لە لایەن ئەنجومەنەکەوە پیادە دەکرێت[١].

(١) تنص المادة (٣١) من النظام الداخلي لمجلس النواب العراقي على انه، يمارس المجلس الاختصاصات التشريعية الآتية: **أولا:** إصدار النظام الداخلي الخاص به. **ثانيا:** تشريع القانون الذي يعالج استبدال أعضائه في حالة الاستقالة أو الإقالة أو الوفاة أو فقدان العضوية لأي سبب آخر. **ثالثا:** النظر في مشاريع القوانين المقترحة من مجلس الرئاسة أو مجلس الوزراء بما في ذلك مشروعي قانوني الموازنة العامة للدولة والموازنة التكميلية، والمصادقة على الحساب الختامي، ويختص أيضا بإجراء المناقلة بين أبواب وفصول الموازنة العامة وتخفيض مجمل مبالغها، وله أيضا عند الضرورة أن يقترح على مجلس الوزراء زيادة إجمالي مبالغ النفقات وذلك وفقا للمادة/ ٦٢ من الدستور. **رابعا:** المصادقة على موازنة مستقلة ووافية للقضاء. **خامسا:** المصادقة على موازنة مجلس النواب ولجانه. سادسا: النظر في مشروعات القوانين المقترحة من قبل أعضاء المجلس ولجانه.سابعا: في حالة عدم موافقة مجلس الرئاسة على القوانين تعاد إلى مجلس النواب لإعادة النظر في النواحي المعترض عليها، والتصويت عليها بالأغلبية، وترسل ثانية إلى مجلس الرئاسة للموافقة عليها، وفي حالة

٥ -فیقهـی یاســایی لەمیسـر پـێش دەسـتووری ٢٠١٤ کـاریگەری زۆری لەسـەر تێگەیشـتنی فیقهـی یاسـایی زۆرێـک لەو وڵاتـانە هەبـووە کە پـێگەی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانیـان بەدەق دیاری نەکردووە، هەڵبەتە فیقهی میسری لەپێش ئەو بەروارەی ئاماژەمـان بـۆ کـرد زیـاتر مەیلـداربوو بـۆ ئەوەی کە پـێگەی پەیڕەو لەخوار یاسای ئاساییەوەیە، زۆرێک لەوڵاتـانیش هەمـان لێکدانەوەیان بۆ پەیـڕەوی نـاوخۆ کـردووە، بێئەوەی رەچـاوی جیـاوازی بـارودۆخی نێـوان خۆیـان و میسـر بـکەن، لەئیسـتادا فیقهـی یاسـایی میسـری لەسـایەی ئەو واقـیعە دەسـتوورییە نـوێیەدا گـۆڕانی زۆری بەسـەردا هـاتووەو دەتـوانین بڵێـین زۆرینەیـان کـۆکن کە پەیـڕەوی نوێیـان هەمـان پـێگەی یاسـای ئاسایی هەیەو ئەمەش دەبێت پاڵنەر بێت بۆ ئەو وڵاتانەی پشت ئەسـتوور بە فیقهـی میسـری هەڵوێسـتی خۆیـان لەو بـارەیە نواندووە، ئێستا کاتی پێداچوونەوەو دووبارە لێکدانەوەیە بۆ ئەو پرسە، چجای ئەو وڵاتانەی خۆشیان واقیعی دەستووری و یاساییان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

٦ -زۆرێک لە پەیڕەوەکانی ناوخۆ جگە لەوەی لە ڕووی بابەتییەوە کۆمەڵێک بابەتیان ڕێکخستووە کە سروشت دەستوورین و هیچ تـوێژەرێکی یاسـایی نکوڵی لەو راستییە ناکات، ئەمەش پێگەی پەیڕەو بە بەراورد لەگەڵ یاسای ئاسایی بەهێزتـر دەکات، یان لانــی کەم هاوتــای دەکــات، لەرووی رواڵەتیشــەوە هەوڵــدراوە پێگەی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان بەهێزتـر بکەن لەبەرامبەر

---

عدم موافقة هيأة الرئاسة على القوانين ثانية، خلال عشرة أيام من تاريخ وصولها إليه، تعاد إلـى مجلـس النـواب، الـذي لـه أن يقرهـا بأغلبيـة ثلاثـة أخمـاس عـدد أعضـائه، غيـر قابلـة للاعتراض، ويعد مصادقا عليها..

یاسـای ئاسـایی، به نمـوونه پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نوێنەرانی عیراق لەماددەی (١٤٨)یدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پێشـنیاری هەمـوارکردنەوەی پەیـڕەوەکە پێویسـتی بە واژۆی (٥٠)پەرلەمانتار هەیە، لەکاتێکدا بە پێی ماددەی (١٢٠) لە هەمان پەیڕەو بۆ پێشنیارکردنی هەموارکردنەوەی یاسایەکی ئاسایی واژۆی تەنهـا (١٠) پەرلەمانتـاری دەوێـت، بە هەمـان شـێوە لەهەرێمی کوردستانیش پێشنیاری هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستی بە واژۆی (٤/١) پەرلەمانتاران هەیە بە پێی ماددەی (١٢٥)، کەچی بۆ پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسای ئاسـایی پێویسـتی بە واژۆی تەنهـا (١٠) پەرلەمانتـار هەیە، هەروەک لە ماددەی (٧٨)بڕگەی دووەم ئاماژەی پێکردووە.

٧ –لەهەرێمی کوردستان مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی پێگەو بەهای پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەسەر بنەمای حوکمی پێشوەختەو تاکەکەسی بووە زیاتر لەوەی پشت بەتوێژینەوەی زانستی ببەسترێت، هەربۆیە لەخولی چوارەم بەشێوەیەکی ئینتیقائی مامەڵە لەگەڵ بڕگەو ماددەکانی پەیڕەوەکە کراوە، بەنموونە لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان کار بەماددەی (١٠) پەیـڕەوی نـاوخۆی نەکـراو وەلانـرا، لەجیاتی هەڵبـژاردن بـۆ سـەرۆکی پەرلەمـان، جێگـری یەکەم و جێگـری دووەم بکرێت، کار بەماددەی چل و هەشتەم کرا لەیاسای ژمارەی (١) ساڵی ١٩٩٢، کەچـی لە یەکەم پێشـنیازی یاسـا کە یاسـای (کاراکردنەوەی دامەزراوەی سـەرۆکایەتی هەرێم و هەمـواری یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم...)ە کە لەلایەن ژمـارەی یاسـایی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستەی پەرلەمان کراو پەسندیش کرا، وەک پێشنیازی یاسا (مقترح قانون) ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی

و ســـەرۆکایەتی پەرلەمـــان کـــرا بەپێـــی بـــڕگەی دووەم لە مـــاددەی(٧٨) لە پەیـــڕەوی نـــاوخۆ[١]. لەکاتێکـــدا مـــاددەی (٥٣) لەیاســـای ژمـــارە (١)ی ســـاڵی ١٩٩٢ ی تـــایبەت بە هەڵبژاردنـــی پەرلەمانی کوردستان بەڕونـی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (١٠) ئەنـدامی پەرلەمـان بۆیـان هەیە پـرۆژە یاسـا (مشـروع قـانون) پێشکەش بکەن هاوشـێوەی دەسـەڵاتی جێبەجێکردن[٢]. ئەمەش ئامـاژەیەکی روونە کە یاسـادانەر لەهەرێمـی کوردسـتان تـا ئەم سـاتەوەختەش بەرچـاو روون نیـیە لەبەهـاو پـێگەی پەیـڕەوی نـاوخۆ، هەربـۆیە رووبەڕووی ئەم جـۆرە مـامەڵە ئینتیقائیـانە دەبێتەوە لەگەڵ بڕگەو ماددەکانی.

٨ -بەهـۆی نەبـونی دەسـتورەوە لە هەرێمـی کوردسـتان بنەمـای پلەبەندی رێسا یاساییەکان جۆرێک لە نارۆشنی تێدایە ، چونکە دیـاریکردنی ئەو پلەبەنـدیە ئەرکـی دەسـتورە ، ئەمەش وای لە دکتور مهدی صالح عیدان التمیمی کردوە کە سەبارەت بە بونی بنەمای پلەبەندی رێسا یاساییەکان لە هەرێمی کوردستان بڵێت (بەهــۆی نەبــونی دەســتور لە هەرێمــی کوردســتان لە حــاڵی ئێسـتادا، پەرلەمـانی کوردسـتان لە کـاتی دەرچوانـدنی رێسـای یاسایی جگە لە دەستوری عیراقی و یاسا ئیتیحادیەکان-هەڵبەتە مەبەستی ئەویاسایانەیە کە لە چوارچێوەی دەسـەڵاتی حصـری ئیتیحادین- هیچ رێسایەکی یاسایی باڵاتر نیە ژێرباری بێت)[٣].

---

(١)بڕگەی دووەم لە ماددەی(٧٨) ی پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێت (پێشنیازی یاسا،یان بڕیار کە لانی کەم،لەلایەن (١٠) ئەندام پەرلەمانەوە پێشکەش دەکرێن).

(٢)ماددەی(٥٣) لەیاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ دەڵێت (دەسـەڵاتی جێبەجێکردن یـان دە ئەندام لە ئەندامەکانی بۆیان هەیە پرۆژەکانی یاسا پێشنیاز بکەن...).

(٣) التميمي، الدكتور مهدي صالح عيدان ، المصدر نفسه ، ص٥٧٧.

## راسپاردەکان:

١ -دوای ئەو هەموو مشتومڕەی لەخولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان هاتە ئاراوە کە بەجۆرێک لە جۆرەکان خەریک بوو سەقامگیری سیستمی کاری پەرلەمانی دووچاری لەقبوون بکات، ئیدی کاتی ئەوەیە کە یاسادانەر لەهەرێمی کوردستان لە رێی دەقێکی یاسایی روونەوە ئەم مشتومڕە کۆتایی پێ بهێنێت، رێگە بگرێت لەوەی سیستەمی کاری پەرلەمان لەوە زیاتر دووچاری شڵەژان بێت.

٢ -لە سایەی نەبوونی دەستوور لە هەرێمی کوردستان، کە تایبەتمەندە بە دیاریکردنی سنوورو تایبەتمەندی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان سەروەری بڕیارەکانی خۆیەتی، لەچۆنیەتی رێکخستنی کاروبارە ناوخۆییەکانی پەرلەمان و نووسینەوەی پەیڕەوی ناوخۆی، بەو مەرجەی رێز لەو بنەما دەستوورییە بنچینەییانە بگرێت کە هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکان دەپارێزن، بەداخەوە کۆی ئەو مشتومڕانەی کە لەسەر پەیڕەو دروستبوون لەخولی پێنجەمدا هیچ پەیوەندیەکیان بەو بنەما دەستوورییە بنچینەییانەوە نەبوو کە هاوسەنگی نێوان هەرسێ دەسەڵاتەکە رێکدەخەن، بەڵکو پەیوەندیداربوون بەچۆنیەتی رێکخستنی کاروباری ناوخۆیی پەرلەمان و ئەمەش ئەمڕۆ لەسەر ئاستێکی فراوانی وڵاتان سەلمێندراوە کە تەنها و تەنها لە

تایبەتمەندی و دەسەڵاتی خودی پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆیە ڕێکیان بخات.

٣ -گرنگە پەرلەمانی کوردستان ئەو تەوژم و ئاراستە نوێیانە لەبەرچاو بگرێت کە ئەمڕۆ لەدونیای نزیکمان پیادە دەکرێن ئەویش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە پەیڕەو هەمان هێزی یاسای ئاسایی هەیەو وەک هەر یاسایەکی دیکە، سنووری تایبەتمەندییەکەی دیاریکراوە کە ڕێکخستنی کاروبارە ناوخۆییەکانی پەرلەمان و پەیوەندی پەرلەمانە بە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەری بەو ئەندازەی پرۆسەی یاسادانان و چاودێری دەیخوازێت، نموونەی ئەو ئاراستە نوێییەش پەیڕەوی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی میسرە کە لە ساڵی ٢٠١٦ دەرچووێندراوە هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی گەلی سوریا کە لە ساڵی ٢٠١٧ دەرچووێندراوە.

٤ -پێشنیار دەکەم تا نووسینەوەی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان، لەپێناوی دەربازبوون لەو مشتومڕە یاساییەی کە لەسەر بڕگەو ماددەکانی پەیڕەو دروستبووە، هەروەها ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستانیش هاوشانی پەرلەمانی وڵاتان ڕێبکات لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهاندا لە بواری کاری پەرلەمانی بەدیهاتوون، خاڵی (٨) لەماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ تایبەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێتەوە و بەمشێوەیە دابڕێژرێتەوە **(دانانی پەیڕەوێکی ناوخۆ بۆ ڕێکخستنی: کاروبارە**

**ناوخۆییەکـان، کـاری لیژنەکـان، دانیشـتنەکان، پرۆسـەی دەنگـدان، رێککارەکـانی تـایبەت بە ئەنـدامی پەرلەمـان، رێسـاکانی گفتوگـۆ، رێککارەکـانی یاسـادانان و چـاودێری دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن و پەسـندکردنی بـودجە، بەیاسـا دەردەچووێنـدرێت).** ئەم شـێوازەش لە زۆرێـک لە وڵاتـان پەیـڕەو کـراوەو لە بەشـەکانی دیـکەی ئەم تـوێژینەوەیە ئاماژەمان بۆ کردووە، یان لە رێگەی زیادکردنی ماددەیەک بۆ پەیڕەو کە بە روونی ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە **(پەیڕەوی نـاوخۆ هەمـان هێـزی یاسـای هەیە)**، هەروەک لە پەیـڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی گەلی سوری لە ماددەی(١٨٢) ئاماژەی پێکـراوەو دەڵێـت **(ئەم پەیـڕەوی نـاوخۆیە هێـزی یاسـای هەیە...)**، یـان لانـی کەم وەک هەنـدێک پەیـڕەوی وڵاتـان لە مـاددەیەکی پەیـڕەوەکە ئامـاژە بەوە بکرێـت کە **(کـار بە حوکمی هیچ یاسایەک ناکرێت پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم پەیـڕەوە بێـت)**، هەروەک پەیـڕەوی نـاوخۆی لوبنـان لە مـاددەی (١٤٦)دا ئامـاژەی بـۆکردوەو دەڵێـت **(هەمـوو ئەو حوکمـانە هەڵدەوەشـێنەوە کە دژیەک و نـاکۆک بـن لەگەڵ حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە....).**

٥ -لە کـاتی نووسـینەوەی دسـتووری هەرێمـی کوردسـتانیش پێشـــنیار دەکەم جـــگە لەوە مـــاددەیەکی تێـــدابێت کە چوارچێوەی ئەو بابەتانە دیاری بکات کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـان بـۆی هەیە رێکیانبخـات، جەخـت لەوەش بکـاتەوە پەیـڕەو بە یاسـا دەردەچووێنـدرێت، هەروەهـا پێویسـتە ماددەیەکیش هەبێت لەریزبەندی تایبەتمەندییەکانی دادگای

دەستووری ئاماژە بۆ چاودێری دەستووریبوونی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـان بکـات لەلایەن دادگـای دەسـتوورییەوە هەروەک لەمـاددەی (١٢٠)ی دەسـتووری تـونس ئامـاژەی بۆکراوەو دەڵێت (دادگای دەستووری بەتەنها تایبەتمەندە بە چاودێریکردنی دەستووری بۆ هەر یەکە لە : ... ، پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل ....).

# سەرچاوەکان

الكتب:

١. المدور رشيد، مراقبة دستورية الانظمة الداخلية للبرلمان في المغرب مقاربة في الخصائص والمنهج ، مطبعة طوب بريس–الرباط، ط١ ،٢٠٠٨.
٢. ابو شمالة، فايز محمد، دور النظام الداخلي في العمل البرلماني، دار الخليج، الاردن–عمان، ط٢، ٢٠١٩.
٣. بول سيرك، دليل البرلمانات٢، العمليات والاجراءات البرلمانية ، مؤسسة شركاء الدوليين،٢٠١٧.
٤. الزيبارى مروان حاجى، المبادئ القانونيه لقرارات محاكم تمييز اقليم كردستان، ط٣، مكتبه التفسير، ٢٠١٧.
٥. طي د.محمد، القانون الدستوري والمؤسسات السياسية، منشورات زين الحقوقية ،بيروت، ط٨، ٢٠١٣.
٦. العجارمه، د محمد محمود العمار، ضمانات استقلال المجالس التشريعية، عمان، دار الخليج، ط٢.
٧. عبدالوهاب، دكتور محمد رفعت، رقابة دستورية القوانين، دار الجامعة الجديدة، اسكندرية، ٢٠١١.
٨. الصاوي على، نحو عمل خطة المجالس البرلمانية العربية تطوير العمل البرلماني العربي، ط١، بيروت مركز اللبناني للدراسات، ٢٠٠٩.
٩. السيد، محمود صبحي علي، الرقابة على دستورية القوانين، القاهرة، دار النهضة،٢٠١٧.
١٠. المدور رشيد،مراقبة دستورية الانظمة الداخلية للبرلمان في المغرب مقاربة في الخصائص والمنهج ،مطبعة طوب بريس–الرباط ، ط١ ،٢٠٠٨.
١١. الدكتور التميمي صالح عيدان، التشريع و طغيان السلطة، دراسة تحليلية مقارنة في الانظمة الدستورية في العراق ومصر وفرنسا و انجلترا والمانيا، منشاءة المعارف،ألاسكندرية ، ط١، ٢٠١٩.

کوردی:

١. بەزاز عەونی ، پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان–عێراق و هەموارکردنەکانی،هەولێر، کتێبخانەی تەبایی، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

المجلات والدوريات العلمية:


١. ابو شمالة فايز محمد عبدالرحمن، بطارسة سليمان سليم، الاطار الدستوري للنظام الداخلي لمجلس النواب الاردني، مجلة جامعة عمان العربية للبحوث، المجلد الاول، العدد الاول، ٢٠١٨.
٢. الجريدة الرسمية لمملكة البحرين – العدد ٢٥٥٤ – الأربعاء ٣٠ أكتوبر ٢٠٠٢.
٣. الجريدة الرسمية المصرية،العدد (١٤)مكرر(ب) في ١٣ ابريل، سنة ٢٠١٦.
٤. رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (١٧٦)، ، ساڵی چواردەهەم لە١٠/٧/٢٠١٤.
٥. رۆژنامەی وەقایعی کوردستان، ژمارە (٢٢٨)ی ساڵی هەژدەهەم،لە ٢٦/٨/٢٠١٨.
٦. قرار المحكمة الاتحادية رقم ٨٧ لسنة ٢٠١٠، الصادر في ٢/١٢/٢٠١٠ ، منشور في احكام وقرارات المحكمة الاتحادية العليا للعام ٢٠١٠ ، المجلد الثالث ،تموز ٢٠١١ ،اصدار جمعية القضاء العراقي.
٧. المستشار د.عبدالعزيز محمد سلمان، الرقابة الدستورية على اللائحة البرلمانية، مجلة الدستورية الصادرة من المحكمة الدستورية في مصر، العدد الحادي والعشرون، السنة العاشرة، ٢٠١٢.
٨. الصاوي على، مشروع لائحة جديدة لمجلس النواب، مجلة الدستورية الصادرة من المحكمة الدستورية، القاهرة، العدد الخامس والعشرون، السنة الثانية عشر، ابريل ٢٠١٤.
٩. ياقو، د منى يوحنا – افين خالد عبدالرحمن، القواعد الجرائية المنظمة لعمل عضو البرلمان، بحث منشور في مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة (٢) المجلد (٢) العدد(٣) الجزء الاول، اذار ٢٠١٨.


## اطاريح الدكتوراه ورسائل الماجستير:


١. الشمري اسماعيل فاضل، الطبيعة القانونية لقرارات مجلس النواب العراقي دراسة مقارنة، رسالة دكتوراه (غير منشورة) كلية الحقوق جامعة النهرين، ٢٠١٥ .

٢. لصلح نوال، مكانة عضو البرلمان في الدساتير العربية دراسة مقارنة: الجزائر، تونس، مصر، اطروحة لنيل شهادة الدكتوراه، جامعة الحاج لخضر-باتنة، ٢٠١٥-٢٠١٦.
٣. المدور رشيد، اشكالية النظام الداخلي في ضوء الدستور، دراسة دستورية تحليلية، اطروحة دكتوراه، جامعة محمد الخامس، الرباط، المجلة العربية للادارة المحلية،٢٠١٦.
٤. لبنى، محامدية، الرقابة الدستورية على الانظمة الداخلية للبرلمان، رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف، مغرب –المسيلة ،٢٠١٥.
٥. حياة صحراوي، ضمانات استقلالية السلطة التشريعية في الدساتير الجزائرية، رسالة ماجستير، جامعة بومرداس، ٢٠١٦، ص٦٠.
٦. أحسن رابحي، مبدء تدرج المعايير القانونية في النظام القانوني الجزائري ، اطروحة دكتوراه، جامعة جزائر – معهد الحقوق والعلوم الادارية (بن عكنون)، ٢٠٠٦.

**المصادر الالكترونية**

١. موقع مجلس الامة الكويتي، http://www.kna.kw/clt-٢٠٢٥/run.asp?id=٥html.
٢. المحامي صبحي حمدي، حسما للجدل حول لائحة مجلس النواب من واقع الفقه الدستوري، بحث منشور في موق اللاكتروني لجريدة الاسرار المصرية الموجود على الرابط: ٢٠١٥، .www. asrar-news.com|f|news|5001# .
٣. الدكتور فوزي صلاح، مقابلة خاصة مع الموقع الالكتروني لجريدة اليوم السابع المصري، القاهرة، ٢٥،اغسطس ٢٠١٥. https://www.youm ٧ Com/story .
٤. نويري محمد، الكتلة الدستورية بالمغرب مقاربة دستورية-قضائية، بحث منشور في موقع marocodroit.comm.